# ڕەنگڕێژکردنی جووت ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی و ڕیالیزمی سۆشیالیستی
# لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)ـی ڕەحیمی قازی دا

**پ. ی. د. کارزان موحسین قادر**
بەشی کوردی- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین
**karzan.qader@su.edu.krd**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی "ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی و ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە ڕۆمانی پێشمەرگە ـی ڕەحیمی قازی دا" دایە. ئامانجمان دیاریکردنی پێگەی هەردوو ڕێچکە کەتوارییەکەیە لە دووتوێی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، پاڵپشت بە نموونەی دەقێکی ئەدەبی. ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی و ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، لە پێشتردا لە چوارچێوەی ڕۆمانی پێشمەرگەدا توێژینەوەیەکی وردییان لەبارەیەوە ئەنجام نەدراوە. ئەم توێژینەوەیەش جەخت لە پێوەندی نێوان ڕەخنە و تیۆر و ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان دەکاتەوە بە ژانری ڕۆمانەوە، بە دیاریکراوی ڕۆمانی پێشمەرگە ـی ڕەحیمی قازی.

وشە سەرەکییەکان: ڕیالیزم، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی، ڕیالیزمی سۆشیالیستی، پێشمەرگە، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

**پێشەکی**

ئاشکرایە ڕۆمانی (پێشمەرگە)ـی (د. ڕەحیمی قازی)، بە درێژایی نزیکەی نیو سەدە زیاتر لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا هەر بەسەرە قەڵەمێک، یان وتارێک، یاخود ئاماژەیەک بەسەرکراوەتەوە، یان دەتوانین بڵێین: ئەم بەرهەمە تەنیا ئەوەی پێ ڕەوا بینراوە لە چوارچێوەی ژانری ڕۆمانی کوردیدا (ڕیز بکرێت و بخرێتە ڕیزبەندییەوە)، بێ ئەوەی وەک پێویست خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکرێت. بۆیە ئێمە بە ئەرکی زانستیی خۆمان زانی کە پانتایی ڕۆمانی (پێشمەرگە) بەرفراوان بکەین، لەکاتێکدا لەمەو پێشووتردا پانتایی ئەم بەرهەمە تەواو بەرتەسک کرابوویەوە، بە چەشنێک نرخ و بەها و سەنگێکی ئەوتۆ بۆ ئەم دەقە نەمابوویەوە. بێگومان گەڕاندنەوەی بەها و سەنگ و پێگەی ڕۆمانی (پێشمەرگە)ش بە تایبەت لە چوارچێوەی کار و پرۆژەیەکی زانستیدا هێندە ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوون هەیە، بۆ ئەوەی کارەکەی زانستییانە بکەوێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئەوەی بە زانستییانە کارەکانمان بە ئەنجام بگەیەنین تەنیا لە یەک دوو گۆشەنیگاوە لە بەرهەمەکەمان ڕوانی، بەو واتایەی توانیمان (ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە) و (ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی) لە ڕۆمانی (پێشمەرگە) بە یەکەوە شەتەک بدەین و لە ژێر بریسکەی ئەم دوو ڕێچکەی ڕیالیزمە ئەدەبییەدا لێکۆڵینەوەکە بە ئەنجام بگەیەنین.

**گرنگی و بایەخ و ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە:** سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمێکی سەر بە ژانری ڕۆمانی کوردیمان کردۆتە کەرەستەی هەرە سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان، لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان هەردوو ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی و سۆشیالیستییەکە بناسێنین، لە هەمان کاتدا ئەم دوو ڕێچکەیە کە سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمن و، ڕیالیزمیش سەر بەدنیای ڕۆژئاوایە، لەگەڵ بەرهەمێک کە لە منداڵدانی

کوردەوارییەوە هاتۆتە ئاراوە، ئاوێتە و ئاوێزانی یەکترییان بکەین. بە چەشنێک ئەوەی پەیوەستە بە لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە لە ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی و ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەی پەیوەستیش بێت بە لایەنی پڕاکتیکی لێکۆڵینەوەکە لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)وە هەڵقولاوە. ئەمانە لەلایەکدا، لەلایەکی ترەوە گەر ئاماژە بە گرنگی و بایەخ و ئامانجێکی تری لێکۆڵینەوەکە بکەین، دەتوانین لەوەدا چڕی بکەینەوە، ئێمەی لێکۆڵەر و خوێنەری کورد تەنیا زیاتر لە ڕێی تیۆرەوە بە قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکەکانی ئەدەب ئاشناین، لە کاتێکدا ئەم قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکە ئەدەبییانە پێویستییان بەوەیە هەر لە چوارچێوەی تیۆرەوە قەتیس نەخۆن، بەڵکو لە ڕێی کار و بەرهەم و دەقەکانەوە، لایەنی پڕاکتیکییان بەدیاربخرێن و ڕوونبکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیانناسین و لە یەکترییان جیابکەینەوە و خەسڵەت و تایبەتمەندی هەریەکەیان بزانین، بۆئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تا ڕادەیەک توانیویەتی ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرێت و، لێکۆڵەر و خوێنەرانی کورد هێندەی تر ئاشنابکات بە قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکەکانی ئەدەب.

**سنوور و میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** ئەوەی پەیوەندی بە سنووری لێکۆڵینەوەکە هەیە، لێکۆڵینەوەکە لە سنووری ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی و ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ڕۆمانی (پێشمەرگە) دا نەترازاوە، ئەوەش پەیوەندی بە میتۆدی لێکۆڵینەوەکەوە هەیە، لێکۆڵینەوەکە پەیڕەوی میتۆدی (وەسفی ـ شیکاری) کردووە، لە هەندێک باریشدا سروشتی لێکۆڵینەوەکە وایکردووە نەختێک لێکۆڵینەوەکە بە ئاراستەی میتۆدی (مێژوویی) دا بڕوات.

**بونیادی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو پاژ و پێنج تەوەرە بەم شێوەیە پێکهاتووە:- پاژی یەکەم: لە تەوەرەی یەکەمدا: چەمک و پێناسەی قوتابخانەی ڕیالیزم کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا:

باس لە ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی کراوە. لە تەوەرەی سێیەمدا تیشک خراوەتە سەر ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، بەم پێودانگە سەرلەبەری بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە لایەنە تیۆرییەکەی، سەرجەمیشیان سێ تەوەرەن. پاژی دووەم: لە تەوەرەی یەکەمدا: ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی لە دووتوێی ڕۆمانی (پێشمەرگە) دا پراکتیزە کراوە. لە تەوەرەی دووەمیشدا: ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە دووتوێی ڕۆمانی (پێشمەرگە) دا پراکتیزە کراوە. دواتر لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا چەند (ئەنجام)ێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە هەڵهێنراون، ئینجا (سەرچاوەکان)یش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەپیتەکانی ئەلف و بێ ڕێکخراون و ڕیزکراون، (پوختە)یەکیش بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.

**چەمک و پێناسەی ڕیالیزم**

بێگومان سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی هەر ڕێباز و قوتابخانەیەکی هزری، وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هونەری و ئەدەبیین، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە بەشێک لەم کۆمەڵگایانە پشکی شێری گۆڕانکارییەکانیان بەردەکەوێ، بەشێکی تریش کەم تا زۆر تۆ و ماکی ئەم گۆڕانکارییانە پێیانەوە دیارە، ئاشکرایە ڕیالیزم زێدەتر زادەی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەیە، ئەم چینەش لەگەڵ چینی سەرووی کۆمەڵگە لە ململانێدایە، لە هەمان کاتدا دەبێتە داکۆکیکاری چینی خوارەوەی کۆمەڵگە، هەر لە چوارچێوەی ئەم چینەشدا ڕیالیزم خۆی دەنوێنێ تاکەکانی سەر بە چینی ناوەڕاست و خوارەوەی کۆمەڵگە، ئەوانیش مەبەستیانە پشکیان هەبێت لە ململانێ و کێبڕکێیە هزری و ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا، لە هەمان کاتدا چیتر پەراوێز نەخرێن و نەکرێنە پاشکۆی چینی سەرەوەی کۆمەڵگە. (ئەفلاتوون)ی فەیلەسووفی

گەورەی گریکی دەتوانین بڵێین: یەکەم تیۆریستە کە لە چوارچێوەی بەرهەمە ناوازەکەیدا (کۆمار) پەردە لەسەر پەیوەندیی نێوان بەرهەمی هونەری و کۆمەڵانی خەڵک هەڵدەماڵێت و لەم بارەیەوە (ئەفلاتوون باوەڕێکی توندی بەوە هەیە کە هونەر کاردەکاتە سەر کۆمەڵانی خەڵک هەر بۆیەش کە لە کۆمارەکەیدا ئەرکێکی گەورە دەخاتە پێگەی هونەر و پەیڕەوێکی تووند و تۆڵ دادەنێ کە نابێ هونەرمەند لێی دەرچن، بە چاوێکی پڕ مەترسییەوە، دەڕوانێتە شیعر، شیعر ئەو هەوەس و ئارەزووانە هاردەکات کە پێویستە دابمرکێنەوە لەبەرئەوە ئەفلاتوون شاعیران لە کۆمارەکەی خۆیدا جێیان ناکاتەوە.). (عزيز الماضي، ٢٠١٠، ٢٥). لەبەرئەوەی بە هیچ شێوەیەک نەبووە و نابێت بەرهەم و کارێکی ئەدەبی و هونەری بوونی هەبێت لە چەند وێستگەیەکی ئەم کار و بەرهەمەدا شوێن پێی جومگە هەستیارەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەڵنەگرتبێت و لەسەریان نەگیرسابێتەوە، بێگومان بوون و ئامادەیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لە چوارچێوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان یەکسانە و دانپیانانێکی تەواوی ئەو ئەدیب و هونەرمەندەیە بە (کەتواری= واقیعییەت = ڕیالیستی). هەندێک لە توێژەر و ڕەخنەگرو ئەدەبناسان سەرە داو و بە دیارکەوتن و سەرهەڵدانی ڕیالیزم بۆ هەردوو سەدەی پازدەهەم و شازدەهەم دەگەڕێننەوە، بە دیاریکراوی ئەو کاتەی کە (ڕێگا والاکرا بۆ توێژینەوە لە سروشت و ڕەهەندە تایبەتییەکانی، دۆزینەوەی ئەو یاسا و ڕێسا و دەستوورانەی کە لە هەقیقەتەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمانە هاریکارێکی کەم وێنە بوون بۆ تەقینەوە و بڵێسە سەندنی گیانی ڕیالیستی ئیتر لەم کاتەدا ڕیالیستی لە پاڵ گەڕان و دۆزینەوە زانستییە گەورەکان هەنگاوی بەرەو پێشچوونی دەنا). (عبدالمنعم، ١٩٩١، ٩٦). گەر لەم بۆچوونەدا ڕابمێنین دەبینین تەمەنی قوتابخانەی ڕیالیزم بۆ نزیکەی سێ سەدە تاکو چوار سەدە درێژبۆتەوە، هەروەها کۆمەڵێک

هۆکاری بابەتی زەمینەی لەباریان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی ڕیالیزم بە نارەسمی بوونی خۆی بسەلمێنێت یەکێک لە هۆکارە بابەتییە هەرە کاریگەرەکانیش دۆزینەوەی زانستی و پێشکەوتنە زانستییەکانن، بە تایبەت لەسەروبەندی کڵپەسەندنی (ڕێنیسانس) لە وڵاتانی ئەوروپادا، لە گۆڕانی دەسەڵاتە ئاینی و سیاسییە دەرەبەگییەکان کە ببوونە مایەی بارگرانییەکی زۆر بە سەر تاک و کۆمەڵگەدا و کۆسپ و لەمپەر لە بەرامبەر ئازادییەکانی تاک و ناهاوسەنگییەکی تەواو لە نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا لە بەهەند وەرگرتنی ئەم بۆچوونە و بۆچوونەکانی تر دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕیالیزم بەر لەوەی بە ڕەسمی بناسێندرێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لێرە و لەوێ ئەدەبیاتێک نووسرابوو کە گوزارشت لە (واقعییەت) بکات، بیکاتە هەوێنی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان، جا دەشێ ئەمە بە ئاگاییەوە بێت و لە هەندێک کار و بەرهەمیش بە نائاگاییەوە تێکەڵی مەرەکەبی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندان بووە، لە کار و بەرهەمەکەدا ئەم واقعییەتە بەم شێوەیە ڕەنگڕێژ کراوە. هەندێکی تر لایان وایە لە چوارچێوەی مێژووی هزر و هونەر و ئەدەبی ئەوروپیدا، ڕیالیزم لە قۆناغی جیاجیا و هەستیاردا وەدیارکەوتووە و بوونی خۆی سەلماندووە، وەک (لە ڕۆشنبیریی ئەوروپیشدا ڕیالیزم بە سەر سێ قۆناغدا، ڕیالیزمی سەردەمی ڕیالیزمی ڕێنسانس، ڕیالیزمی سەردەمی ڕۆشنگەری، ڕیالیزمی رەخنەگرانەی سەدەی نۆزدەهەمدا دابەش بووە). (پیربال، ٢٠٠٦، ٨٤). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕیالیزم لە سەرەتاکانی سەدەی پازدەهەمەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوونی هەبووە لە شوێنکات و هەلومەرج و بارودۆخی جیادا بوونی هەبووە، بەم شێوەیە : کاتێک دەڵێن: ڕیالیزم لە سەردەمی ڕێنسانسدا بوونی هەبووە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە لە تاک ڕێبازی کلاسیزمی نوێی ئەوروپیدا، ڕیالیزم وەک ڕەوتێک لە چوارچێوەی ئەم قوتابخانەیەدا بوونی هەبووە،

به چەشنێک کە کاتەکەی بۆ سەدەی پازدەهەم و شوێنەکەی بۆ ئیتالّیا کە لانکەی ڕێنیسانس بوو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوکاتەی کە دەڵێین: ڕیالیزم لە سەردەمی ڕۆشنگەریش بوونی هەبووە، ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە ڕیالیزم تا ڕادەیەک هاوکاتە لەگەڵ بەدیارکەوتنی ڕۆمانسیزم. ئاشکراشە سەردەمی ڕۆشنگەری کاتەکەی بۆ سەدەی هەژدەهەم و شوێنەکەی بۆ ئینگلستان و دواتر وڵاتانی تری وەکو فەڕەنسا و ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە. ئیتر لەمە بە دواوە و نزیکەی چوارسەدە مانەوەی ڕیالیزم بە ناڕەسمی، هاوکاتە لەگەڵ بوونی قوتابخانەی کلاسیزمی نوێ و ڕێبازی ڕۆمانسی، ڕیالیزم لە نیوەی یەکەم و چواریەکی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بە ڕەسمی بوونی خۆی دەناسێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش (ڕیالیزم خۆی نەدۆزییەوە وەکو (ناو) و (ڕێباز و قوتابخانە) تا نووسین و بەرهەمە سەرەتاییەکانی لە ساڵی (١٨٤٣) دا بڵاوکردەوە و هەموو شێوە و شێوازە سەردەمییەکانی بۆ ئەدەبی ئەندێشەئامێز ڕەتکردەوە ). (انطونیوس، ١٩٨٣، ٢٤٠ – ٢٤١). بێگومان ئەمە قۆناغی هەرە دیار و ئاشکرا و درەوشاوەی ڕیالیزمە، ڕیالیزم لە سەر دەستی "شانفلۆری" لە ڕێی وەشاندنی مانیفێستێک گۆمی ئەدەبی ڕۆمانسییەکان دەشڵەقێنێت، لە جێی ئەمەدا بانگەشە و جاڕی ئەدەبێکی ڕیالیستی دەدات، کە گوزارشت لە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات، زۆربەی مرۆڤایەتی وێنەی خۆی خۆی لە نێو ئەم ئەدەبەدا دەبینێتەوە. بێگومان سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی ڕیالیزمیش بەم شێوەیە لە چوارچێوەی جوگرافیای فەڕەنسادا دەبێت، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی زۆربەی ڕێباز و قوتابخانەکانی تری ئەدەبیدا لە چوارچێوەی وڵاتی فەڕەنسادا سەرهەڵبدەن و دواتر لق و پۆپەکانیان لە وڵاتانی تری ئەورووپا بڵاوببنەوە، نموونەش بۆ ئەمە ڕێبازەکانی وەکو: (پەرناسیزم) و (هێماگەری) و (سووریالیزم)... هتد. هەر لە فەڕەنسادا سەرهەڵدەدەن و

بڵاودەبنەوە، ئەم وڵاتە دەبێتە لانکەی ڕێباز و میتۆدە ئەدەبی و هزرییەکان، نەک هەر لە سەدەی نۆزدەهەم، بەڵکو بۆ سەدەی بیستەمیش هەمان شت و بابەت ڕاستە. ئەوکاتە ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان پەیوەندییان وەک پەیوەندیی نێوان باپیر و باوک و کوڕ و نەوەکان وایە کە زۆربەی خەسڵەت و سیفەتەکانیان لە باوانیانەوە وەرگرت. بۆ نموونە تیۆریست و ڕەخنەگرێکی وەک "ڤان تیگم" لە بارەی ڕیالیزمەوە دەڵێت: (ڕیالیزم، یەکێکە لە لەدایکبووەکانی ڕۆمانسیزم) (شعبان، ١٩٩٦، ١٠٣). گەر هەندێک لەم دید و بۆچوونە وردبینەوە، با وای دابنێین ڕیالیزم یەکێکە لە منداڵەکانی ڕۆمانسیزم، بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین و قسەی لە بارەیەوە بکەین ئەوەیە گەر ڕیالیزم یەکێکە لە منداڵەکانی ڕۆمانسیزم، دەبێت بپرسین چۆن منداڵێکە؟ ئایا ئەم منداڵە لە خەسڵەت و سیفەتەکانیان هێندە بە باوانی دەچێت؟ یاخود چەند هێندە لە یەکترەوە جیان؟ بە بۆچوون و تێگەیشتنی ئێمە کە وایکردووە ڕۆمانسیزم بە باوکی ڕیالیزم دابنرێت، پەیوەندیی زیاتری بە زنجیرە مێژووییەکەوە هەیە، ئاشکرایە ڕۆمانسیزم دێرینترە لە ڕیالیزم، چونکە ئەگەر ڕیالیزم منداڵێکی ڕۆمانسیزم بێت دەبوایە لە هەموو ڕووەکانەوە منداڵێکی ناکام و ناتەواو بووایە، لەبەر ئەوەی خەسڵەت و سیفەتەکانیان زۆر لە یەکەوە دوورن و جیاوازییەکانیان ئەوەندە زۆرن، لێکچوون و هاوبەشەکانیان زۆر کەمن. هەندێکی تر لە ڕەخنەگر و توێژەرانی بواری ئەدەب ئەم پەیوەندی و کاریگەری و دواتر ململانێیەی نێوان ڕێچکە و ڕێباز و میتۆد و قوتابی ئەو ئاراستە ئەدەبییەکان بەتەمەنی گەنجییەتی و پیرێتی بایلۆژی دەچوێنن و لێکیدەدەنەوە بۆ ئەم مەبەستە پێیانوایە کاتێک و ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی باوی نامینێت و پەیڕەوکاری نابێت، کەواتە ئەو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییە تەمەنی ڕووی لە هەڵکشان کردووە و توانا و بڕستێکی ئەوتۆی نەماوە، بۆ نموونە دەکرێ بڵێین:

(ڕۆمانسیزم کوڕێکی گەنج، کلاسیزم پیرێک بوو). (عیاد، ١٩٩٣، ٣٩). بەم پێودانگە ڕیالیزم منداڵی ڕۆمانسیزمی کوڕە گەنج و نەوەی کلاسیزمی پیرەمێردە، دەشێت بەشێکی ئەم دید و بۆچوونە بە هەند وەربگرین، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە سەرهەڵدان و بە دیارکەوتنی هەر ڕێباز و قوتابخانەیەکی نوێی ئەدەبی، ئەوا کودەتای سپی و خاڵی وەرچەرخان و شۆڕشی ئەدیب و هونەرمەند و هزرمەندانە بە سەر ڕێباز و قوتابخانەکەی پێشوو، ڕزگاربوونیتیان لە کۆت و بەندە قورس و تاقەت پڕووکێنەکانیان، ئازاد و سەربەستبوونیانە لەو هەست و نەستە سواو و تاقیکراوانەی کە بابەت و شتێکیان نەماوە بۆ گوتن و بۆ گوێ لێگرتن. کەواتە لەبەر ئەوەی ئەدەب زانستە بۆیە بەردەوام پێویستی بە نوێبوونەوە و خستنە سەر هەیە، ئاشکراشە بەشێکی گرنگ و پڕ بایەخی نوێبوونەوەی ئەدەبیش ڕاستەوخۆ شەتەکدراوە بە ڕێباز و قوتابخانە و ئاڕاستەکانی ئەدەب. (ڕیالیزم ناچارە ببێتە دەربڕی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان و جیهانی سەردەمییانە بە شێوەیەکی ورد و پوخت و خەملیو خۆی بنوێنێت، دەبێت ئەم خۆنواندنەش بەپێی توانا ڕایی بکرێت بە گوێرەی توانای کەسەکان بۆ ئەوەی لێی تێبگەن). (لؤلؤة، ١٩٨٣، ٥٦). لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕیالیزم بەرجەستەکەری بارودۆخی کۆمەڵایەتییە سەردەمییەکانە، نووسەر، یان ئەدیب ڕیالیستی لە دووتوێی بەرهەمەکەیدا هەر ئەزموونی ژیانی خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو مەبەستیەتی بەرهەمێک بونیاد بنێت واقیعیبوون و بابەتیبوون ئەنجامەکەی بێت ، چەندین وێستگەی واقیعی کۆمەڵگەی ئەزموون بکات، بەبێ پەنابردن بۆ تەمومژی و لێڵایی و ئاڵۆسکاوی، بۆیە خوێنەریش بە ڕوونی لە وشە و ڕستە و دەربڕین و مەبەستە ڕیالیستییەکان دەگات و بیرۆکە سەرەکی و لاوەکییەکانی دەقەکەی لە لا گەڵاڵە دەبێت. بێگومان مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی لە چوارچێوەی ئەدەبناسی بابەت و مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیارە و جێگەی بایەخی

ڕەخنەگر و توێژەرانی ئەم بوارەیە ئەوەی پەیوەستیش بێت بەڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان نیشانەیەکی هەرە جیاکەرەوەی ئەم ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانەش ئەوەیە هەر یەکێک لەمانە لە سەردەمێکی دیاریکراودا بە ژانرێکی ئەدەبی، یاخود دوو تا سێ ژانری ئەدەبی دەناسرێنەوە ئاشکرایە هەندێک ژانری ئەدەبی لەلایەن پەیڕەوکارانی ڕێباز و قوتابخانەیەکی ئەدەبی بە چەشنێک لایان لێناکرێتەوە و کاڵدەبنەوە، بە ڕادەیەک خەریکە بە لە نێوچوونی مەرگی ژانرە ئەدەبییەکە کۆتایی پێدێت، هەندێک جاریش دەشێت ڕێک بەپێچەوانەی ئەمەوە ڕاست بێت، ئەدیبانی سەر بە ڕێباز و قوتابخانەیەکی ئەدەبی ئەوەندە ڕوو لە ژانرێکی ئەدەبی دەکەن، ئەو ژانرە ئەدەبییە خۆی لە ترۆپکدا دەبینێتەوە، یاخود سەرهەڵدان و بە دیارکەوتنی ڕێباز و قوتابخانەیەکی نوێی ئەدەبی هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدان و بە دیارکەوتنی ژانرێکی ئەدەبی لەم چوارچێوەیەدا (ڕیالیزم بەرەو ئەدەبێکی بابەتییانە هەنگاوی نا ئەمەش سەرکەوتنێک بوو بۆ پەخشان و بە تایبەتیش ژانری ڕۆمان، بۆ ئەمەش سوودی بینی لە وردیی وێنەگرتن و وێناکردن و گوزارشتکردن، وەک شوێنگرەوەیەکی خەون و خەیاڵ و پێوەنان، زیدەتر چاودێریکردنی ئارێشە کۆمەڵایەتییەکان). (هلال، دارالعودة، ١٩٩٣: ٣٢٩). گەر لەمە وردبینەوە بەم ڕاستییە دەگەین کە داستان و درامایە تراژیدی و کۆمیدییەکان پێناسنامەی دیار و ئاشکرای قوتابخانەی کلاسیکیین، ئاشکرایە هەر یەکە لە داستان و دراماکە ڕاستە دوو ژانری جیان، بەڵام هەردووکیان بە شیعر هۆنراونەتەوە بێگومان شیعری لیریکی و خەیاڵئامێزەکانی شاعیرانی ڕۆمانسی نیشانەیەکی ڕوونی ڕۆمانسیزمن، هاوکات لەگەڵ پێگەیشتن و خەملێنی ڕیالیزمیش ئیتر ئاڕاستەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیش گۆڕانیان بەسەردادێت و لە شیعرەوە دەگۆڕێن بۆ پەخشان و لە ژێر سایەی پەخشانیشدا ژانری ڕۆمان دەبووژێتەوە و دەدرەوشێتەوە.

## ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە

ئاشکرایە بوونی لق و پۆپ و ڕێگە و ڕێچکەی زۆر و تا ڕادەیەک ژمارە نەزانراو و دیاریکراو یەکێکە لەو دیاردە زەقانەی کە قوتابخانەی ڕیالیزمی پێدەناسرێتەوە، بێگومان ئەم زۆرییەش لە هەندێک دۆخدا بۆتە مایەی سەر لێشێواوی و ئاریشە هەم بۆ خوێنەرانی بەرهەمی ڕیالیستی و، هەم بۆ ئەوانەش کە لە چوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزمدا دەیانەوێت وتارێک، کۆڕێک یاخود توێژینەوەیەک ئەنجامبدەن، هەموو ئەوانەش کە خوێندنەوە و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە بارەی قوتابخانەی ڕیالیزمەوە دەکەن درکیان بەوە کردووە و لەوە گەیشتوونە کە (یەکێک لە کێشەکانی لێکۆڵینەوە لە ڕێبازی ڕیالیزم کە بەر لە هەموو شتێک ڕووبەڕووی لێکۆڵەر دەبێتەوە، زۆری ژمارە و جۆر و ڕووگەکانیەتی تەنانەت هەندێ کەس زیاتر لە سی جۆریان لێ دەستنیشان کردووە ئەمە سەرباری ئەوەی زۆرجار لێکۆڵەر تووشی تێکەڵاوی کێشەی سنووری هەردوو ڕێبازی ڕیالیزم و ناتوڕالیزم دەبێتەوە). (حوسێن، ٢٠٠٧، ١١٥). بێگومان ناکرێت ئەم فرەیییەی ڕیالیزم لە لق و پۆپ و ڕێگە و ڕێچکە و ڕووگەی جیاواز و تا ڕادەیەک لەیەکچوونیش لەوەدا چڕبکەینەوە کە ئەوە کێشە و گرفتارییەکە، کە ئەم قوتابخانەیە پێی دەناڵێنێت، بەڵکو بە بۆچوون و تێگەیشتنی ئێمە ئەم فرەیییەی ڕیالیزم ئامانج و ئەنجامە، نەوەک کێشە و گرفتاری ئەم ئامانج و ئەنجامەی ڕیالیزمیش بۆ ئەو واقیعە دەگەڕێتەوە کە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندە ڕیالیستییەکە تێیدا ژیاوە و دەژی هەر یەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان واقیع دەکەنە ئامانج. ڕیالیزم و ڕێچکە جیاجیاکانی، هەر لە چوارچێوەی ئەدەبناسی ناخولێنەوە، بەڵکو پەیوەستن بە بوارگەلێکی تر وەک فەلسەفە و هزر و هونەر و نیگارکێشان و پەیکەرسازی و شێوەکاری و تەنانەت بواری میوزیکیش، (ڕیالیزم، بە سیفەتی ئەوەی چەند بنەمایەکی فەلسەفیش بوو و واقیعی

لە ئایدیاڵ و ڕووح جودا دەکردەوە لە ئاکامدا بووە بنچینەیەک بۆ لەدایکبوونی چەندین لقی جۆراوجۆر، ڕەخنەگر و ئەدەبناسان ڕێبازی ڕیالیزم بەسەر چەندین لق و ڕێچکەدا دابەش دەکەن کە زۆربەی هەرە زۆریشیان لە ماوەی ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاون). (پیرباڵ، ٢٠٠٦، ١٠٧). بێگومان بوونی ئەم کۆمەڵە ڕێچکەیەی ڕیالیزم، دەتوانین پەیوەستی بکەین بە (شوێن) کە مەبەستمان لێی وڵاتانی ئەورووپایە، چونکە هەریەک لە وڵاتانی ئەورووپا و تەنانەت وڵاتانی تری دنیاش ڕێچکەیەکی، یاخود چەند ڕێچکەیەکی ئەم قوتابخانەیەی تێدا باو بووە، هەروەها (کات) هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵێک، یاخود دەیەیەک، یاخود سەدەیەک ڕێچکە و چەند ڕێچکەیەکی ڕیالیزم باڵ بکێشێت بەسەر ئەم ماوەیە دیاریکراوە. ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە لە چوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزمدا یەکێکە لەو ڕێچکانەی کە سەر بەم قوتابخانەیە، لە بارەی چۆنیەتی ناونانی ئەم ڕێچکەیە بە ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە بیر و بۆچوونی جیا خراوەتەڕوو، هەروەها توێژەرانی بواری ئەدەب جەخت لەوە دەکەنەوە بەر لەوەی ئەم ناوەی لێبنرێت چەندین ناوی تری بۆ پێشنیاز کراوە، بەڵام هیچیان جێگەی نەگرتووە و نەڕۆیشتووە لەو سەردەمەدا پێدەچێت (ستالین) خۆی پێشنیازی ناونانی (ڕیالیزمی شیوعیگەریی) کردبێت، بەڵام ئامادەبووان لەو باوەڕەدا بوون کە بارودۆخی کۆمەڵگەی سۆڤیەتی و ئەدەبی سۆڤیەتی هێشتا پێنەگەیشتووە، تاکو ئەم ناوەی بەسەردا ببڕێت، هەندێکی تر پێشنیازیان کرد ببێتە (ڕیالیزمی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە)، بەڵام ئەدیبەکان دوودڵ و ڕاڕابوون لە نێوان هەندێک زاراوەی تری وەک (ڕۆمانسیزمی شۆڕشگێڕانە) و (ڕیالیزمی مەزن). (جاباللە، ٢٠٠٥: ٦٣). گەر لەم بۆچوونە وردبینەوە لەوە دەگەین کە خودی (ستالین) ویستوویەتی مەودایەکی کورت و پانتاییەکی تەسک بەسەر ئەم ڕێچکە ئەدەبییە تاقیبکاتەوە، کەچی نووسەرانی تر هەرچۆنێک بێت ویستوویانە

مەودایەکی درێژ و پانتاییەکی بەرفراوان لە چوارچێوەی ئەم ڕێچکەیە تاقیبکەنەوە. لە دواجاردا پێشنیازەکەی کامە ئەدیبی سۆڤیەتی سەردەگرێت بۆ ناولێنانی (ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە) و، دواتر چەسپاندن و ڕۆیشتن و ناسینەوەی بە هەمان ناوەوە بەبێ دەستکاریکردن، لە وەلامدا دەلێین: (لە کۆتاییدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەو پێشنیازەی "مەکسیم گۆرکی" کردبووی بە ناوی (ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە بیچەسپێنن). (جابالله، ٢٠٠٥، ٦٣). کەواتە "مەکسیم گۆرکی" لە نێو نووسەر و ئەدیبان و لە ناوەندی ئەدەبیی سۆڤیەتیدا سەنگ و پێگەیەکی شایستەی هەبووە و هەروەها توانا و هزرییەکانی ئەو ئەدیبە دەردەخات، کە چۆن لەگەڵ واقیعی وڵاتەکەی و واقیعی وڵاتانی تر مامەڵە بکات. ئاشکرایە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەپاڵ ئەم کۆمەڵایەتیبوونەی پێویستی بە هۆشیاریشە، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت و مامەڵەیەک لەگەڵ یەکتردا بکەن لە ئاست ئەم کۆمەڵایەتیبوونەدا بێت بۆیە بە هەڵەدا ناچین مرۆڤ بە درێژایی ژیانی بە دوای سەرچاوەی جۆراوجۆری هۆشیارییدا دەگەڕێت، تەنیا (هۆشیاریی مرۆڤ ئەوە نییە کە بوونەکەی دیاریدەکات، بەڵکو بوونە کۆمەڵایەتییەکان وا دەکەن کە هۆشیارییەکەیان نوێبکەنەوە). (راغب، ١٩٩٧: ٣٣١). بۆ ئەم مەبەستە ئەستەم نییە گەر بڵێین: چ ئەدەبە و چ شۆڕشگێڕییە لە هۆشیارییەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە هەمان کاتدا دەبنە سەرچاوەی هۆشیاری بۆ مرۆڤگەلێکی تر و ، هەردووکیان بە ڕێگە و شێوازی جیا گوزارشت لە هۆشیاریی مرۆڤەکان دەکەن . لێرەدا مەبەستمانە ئەوە بخەینە ڕوو کە ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە هەوڵێکی هزرییە لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکان و کارە هونەرییەکانی، لەلایەن ئەدیب و هونەرمەندانەوە دەدرێت بۆ ئەوەی هەرچی ناسۆری و خراپە و ناڕێکی هەیە، کە بەزۆر بەسەر میللەتێک، یاخود نەتەوەیەکەوە سەپێندراوە بیگۆڕن بە هەڵاتنی خۆری چاکە و

ڕێکوپێکی و جوانییەکان، هەروەها لە پاڵ ئەمانەشدا هەم ئەدەب و قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکە جیاوازەکانی، هەمیش مەسەلەی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی بێگومان ئاوسن بە گۆڕانکارییەوە، دەشێت ژێلەمۆی ئەم گۆڕانکارییەش ئەدیبێکی هۆشیار، یاخود شۆڕشگێڕێکی هۆشیار بێت، لە هەندێک سەرچاوەی تایبەتمەندییە ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان جەخت لەوە کراوەتەوە کە"مەکسیم گۆرکی"ی گەورە نووسەر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی ڕووس، بەر لەوەی پێشنیازی ناونانی (ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە) بکات (ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە) لەسەر دەستی ئەم نووسەرە خەملیبوو، بۆ ئەمە مەبەستمانە بڵێین: کە (ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە)، لە منداڵدانی (ڕیالیزمی ڕەخنەگران) ـوە لە دایکبووە، (لەم قۆناغەدا قارەمانی نووسەر لە ژینگەی خۆیان لە پێشترن و لە پێناو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی باشتر دەجەنگن، یانی ئەم قارەمانانە لە وەزع و حاڵی ڕازی نین و کار بۆ گۆڕینی دەکەن. قۆناغی نووسەرایەتی گۆرکی ساڵانێک بەر لە شۆڕش دەستی پێکرد و نزیکەی بیست ساڵ دوای شۆڕش بەردەوام بوو ). (حسێنی، ڕەزا ٢٠٠٦، ١١٢).

ئەمە پیشاندەری ئەوەیە گەر ڕیالیزم وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەری و هزری لە جوگرافیایەکی دیاریکراوی فەڕەنسا، لەسەر دەستی "شانفلۆری" ڕاگەیەندرا و ئاشکراکرا، ئەوا لق و پۆپ و ڕێچکەگەلی تری ڕیالیزم لە وڵاتێکی وەکو ڕووسیا دەگاتە چڵە و پۆپەوە، ئەدیب و هونەرمەندانی وڵاتانی تری دنیا شوێن پێی ئەدیبانی ڕووس هەڵدەگرن بۆ ئەوەی ئەوانیش پشکیان هەبێت لە پێکەوەنانی بەرهەمەکانی کە سەر بەم ڕێچکەیە و ڕێچکەی ترن. گەر لە ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە وردبینەوە کە باسەکەی ئێمەیە ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە شۆڕش و ئەنجامەکانی چ کاریگەرییەکی بە پێزیان هەیە لە سەرهەڵدان و بە دیارکەوتنی قوتابخانە و ڕێبازە هزری و هونەری و ئەدەبییەکان (شۆڕشی فەڕەنسا

ساڵی ١٧٨٩ و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانتاری و بڵاوبوونەوەی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ئینجا لە بەریتانیا شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئینگلستان لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا هەروەها لە ١٨٠٨ یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە کۆیلە لە ئینگلتەرا هەموو ئەمانە چۆن کاریگەرییان هەبوو بەسەر سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم، بە هەمان شێوە ئاسۆی بیری ڕیالیستانەشیان فراوانتر کرد). (پیربالّ، ٢٠٠٦: ٨٩). بەم پێودانگە دەتوانین پەیوەندیی نێوان ئەدەب و قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکەکانی، هەروەها مەسەلەی هەڵگیرساندنی شۆڕش و شۆڕشگێڕبوون بەوە لێکبدەینەوە ئەوا هەر شۆڕش نییە کە کاریگەری و شوێنەواری بەسەر ئەدەب و قوتابخانە و ڕێبازەکانی هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەشەوە ڕاستە، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ بپرسین پلاندارێژەر و بناغە لێدەری شۆڕشەکان کێن؟ کێن لە ڕێی کار و بەرهەمە هزرییەکان دەبنە گڕ و بڵێسەی شۆڕشەکان؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەمانە ئاسانە، ئەوا ئەدیب و هونەرمەند و هزرمەندانن دەبنە پلاندارێژەر و بناخەلێدەری گەلێک لە شۆڕشەکان و بەهۆی کار و بەرهەم و پرۆژەکانیان هێندەی تر شۆڕش گڕدار و بڵێسەدارتر دەکەن. ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەوە، شۆڕش ژێلەمۆی هەرە سەرەکی ئەم ڕێچکەیەیە (ئەم ڕێبازە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەم حاڵەتی پەرەسەندن و گۆڕانکاریدا وێنەی دەکێشا، باوەڕێکی شۆڕشگێڕانە و پتەوی بە گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبووە لە خراپەوە بەرەو باش و لە باشەوە بەرەو باشتر، ئایدۆلۆژییایەتی مارکسیزم و لینینیزم، لە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیای ١٩١٧ پاڵپشت و زەمینەی فیکریی ئەم ڕێبازە بووە). (پیربالّ، ٢٠٠٦ : ١٠٨). کەواتە ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە، زادەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ناسراوی ڕووسی بووە و هەر ئەمەش وایکردووە ئەم ڕێچکە ئەدەبییە لەسەر پێی خۆی بوەستێت و

لە هەمان کاتدا زیندوویێتی پێبەخشیوە. بە بڕوای بەشێک لە ڕەخنەگر و توێژەران یەکێک لە کار و پرۆژە هەرە سەرەکییەکانی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندانی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە لووتژەنییانە لە چۆنیەتی بارودۆخی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ئەو چین و توێژانەی کە بە چینی خوارەوە دەناسرێن و لەلایەن سەرەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ناسۆری و ململانێی ناهاوسەنگ دەکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕیالیستە شۆڕشگێڕەکان پێیاننوایە ڕزگارکردنی جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجدەر، مەرجی پێویستی بەختەوەربوونە. واتا شوێنکەوتوو و پەیڕەوکارانی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ئەوەدا نین خۆیان لەو بەرپرسیارێتییانە بدزنەوە کە لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەی کە بە هەر هۆکارێک بێت مەبەستیانە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دووچاری نارەحەتی و ناهاوسەنگییەکی لە ڕادەبەدەر بکەنەوە و لەسەر شان و باڵی جەماوەرێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەر قەڵای ستەمکاری بونیاد بنێن. وەک چۆن لە چوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزمدا، ژانری باو بریتیی بوو لە ڕۆمان ئاواش ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە ئامێزی بۆ ژانری ڕۆمان واڵا کرد و لە خۆی گرت (لە کاتی شۆڕشدا گۆڕانێکی قووڵ لە تاک ڕوودەدا، ژانری ڕۆمانیش هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی ئەو کەرتبوون و پەرتبوونەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، لە کەسێتییە جیاوازەکان، بە ئاڕاستە و ڕووگەی جیاوازییانەوە، کە ئەزموونەکەیان لق و پۆپیان لێدەبێتەوە لە ململانێدا دەبێت لەگەڵ حەز و خولیا و هەڵوێستەکانیان). (العبیدی، ١٩٨٣، ٨). کەوا بێت ڕیالیزم و ڕێچکەگەلێکی سەر بەم قوتابخانەیە باوەشیان بۆ ژانری ڕۆمان کردبێتەوە، ئەمە واتای وایە ژانری ڕۆمان لە سەردەمی ڕیالیستبوونی ئەدەبدا ژمارەی بێشوماری تۆمارکردووە چ لە ڕووی چەندێتییەوە، چ لە ڕووی چۆنیەتییەوە بوونی ئەم دیاردەیە بەرهەمهێنبوونی ژانری

ڕۆمان هەر لە وڵاتێکدا نەبووە، بەڵکو ئەم دیاردەیە زۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپا دەگرێتەوە لە سەرووی هەمووشیانەوە هەردوو وڵاتی فەرەنسا و ڕووسیایە. هەروەها بڵاوبوونەوەی بیر و بیرۆکە و دیدگەکانی سەر بەم ڕێچکەیە، گرنگییەکی کاریگەری هەیە، دەشێت بە ئاسانی هەستی پێنەکرێت و بایەخی وەک پێویست نەزانرێت لە کاتێکدا گرینگی ئەدەبەکە، یاخود ژانرەکە لە چوارچێوەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە، لە شوێنکاتی شۆڕشدا وەکو گرنگی و پێویستی ئاو و هەوایە لە ژیانی مرۆڤەکاندا کە هەمیشە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدا بەمەبەستی بەردەوامیدان بە ژیان.

**ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی**

بێگومان چەمکی سۆشیالیستی لە چوارچێوەی ئەدەبناسیدا لە دووتوێی گەلێک قوتابخانە و ڕێباز و میتۆد و ڕێچکەی ئەدەبیدا جێی بۆ کراوەتەوە، بۆتە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن و تێرامانی گەلێک لە توێژەر و ڕەخنەگر و تیۆر داڕێژەرانی بواری ئەدەب، بەڵام هەریەکەیان لە تێڕوانین و گۆشە نیگای جیاجیاوە لێیدەڕوانن و بە چەشن و ڕێگە و شێوازی هەمەجۆر تیشکی ئاڕاستە دەکەن. بۆ نموونە ئەو ڕێباز و میتۆد و ڕێچکە ئەدەبییانەی کە هەوڵ بۆ نووسین و بونیادنانی ئەدەبێکی خود و ئەندێشەئامێز، هەروەها جەخت لە هونەر بۆ هونەری ئەدەببوون دەکەنەوە، چەمکی سۆشیالیستی لە چوارچێوەی ئەمانەدا گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی پێنادەن و بگرە هەندێک جار ئەدەبێک ڕەتدەکەنەوە کە گەلاڵەی سۆشیالیستی و بنەما بنەڕەتییەکانی بکاتەوە، ئەمە سەبارەت بە ڕەوت و ئاڕاستەیەکیان، کەچی ڕەوت و ئاڕاستەکەی تریان ڕێک بە پێچەوانەی ئەمانەوە ڕێدەکەن، ئەدەب بە چەشنێکی تر ئاڕاستە دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە ئەو قوتابخانە و ڕێباز و میتۆد و ڕێچکە ئەدەبییانەی جەخت لە بابەتیبوون دەکەنەوە و واقیعی و حەقیقەت ئامێزن. چەمکی سۆشیالیستی ڕووبەرێکی فراوانی دیدەکە و

ڕوانگە و گۆشە نیگا و دنیابینیی ئەمانە دەگرێتەوە، پێیانوایە یەكێك لە ئەركە هەرە سەرەكی و ڕاستەقینە و بنچینەییەكانی ئەدەبیبوون جا ئەم ئەدەبییوونە لە چوارچێوەی هەر ژانرێكدا بێت، جەختكردنەوەیە لە ئەدەبێك كە سۆشیالیستی گۆشە جیاوازەكانی بگرێتەوە، ئەو بەرهەمە ئەدەبییە سەرلەبەری ئەو پرس و بابەتانەی كە پەیوەستن بە سۆشیالیستەوە شەنوكەو بكات. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین گەورە فەیلەسووفێكی وەک (ئەفلاتوون) كە بە یەكەمین بیرمەند و تیۆردارێژەری دابنێین كە زوو دركی بە پەیوەندیی نێوان لایەنی سۆشیالیستی و كار و بەرهەمێكی ئەدەبی و هونەری كردووە، بیر و بۆچوون و تێزەكانیشی بۆ نزیكەی دوو هەزار و چوارسەد ساڵ بەر لە ئەمرۆ دەگەڕێنەوە، ڕێچكەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕێچكەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە گەلێك ڕووەوە لە یەكتر دەچن بە ڕادەیەک لایەنی لەیەكچوونیان زۆر زێترە لەلایەنی جیاوازییان، دیاریترین و بەرهەستترینی ئەم لە یەكچوونانەش دەتوانین لەوەدا چڕبكەینەوە كە" مەكسیم گۆركی"ی گەورە نووسەر و ڕۆماننووس و چیرۆكنووسی ڕووسی ، پێكهێنەری چەقی قورسایی هەردوو ڕێچكە ئەدەبییەكە بووە، ئەو سەرچاوە و بابەتانەی پەیوەستن بە قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچكەی ئەدەبی و هونەرییەكانەوە جەخت لەوە دەكەنەوە وەک چۆن" مەكسیم گۆركی" لە دوای شۆڕشی هەڤدەی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ دا ڕۆڵی هەبوو لە پێكەوەنان و بونیادنان و تەنانەت پێشنیازكردنی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە، ئەوا ئاواش تا ڕادەیەكی زۆر هەمان بیر و بۆچوون بۆ مەبەستی ناساندن و بڵاوبوونەوەی ڕێچكەی ڕیالیزمی سۆشیالیستییەوە ڕاست و دروستە. (ئەگەرچی زۆربەی نووسەران بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، كە ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لەگەڵ ڕۆمانی "دایک"ی مەكسیم گۆركی ١٨٦٨ – ١٩٣٦ ەوە دەستپێدەكات، لە باوەشی شۆڕشی ئۆكتۆبەری ڕووسییدا لەدایک بووە). (حوسێن، ٢٠٠٧، ١٤٧). سەرەڕای ئەم لەیەكچوونە

زەقەی نێوان ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕیالیزمی سۆشیالیستی، دەتوانین گەلێک لەیەکچوونی تر نێوانیان بخەینە ڕوو وەک: هەردوو ڕێچکەکە پەیوەستن بە جوگرافی دیاریکراوی ڕووسیادا بە تایبەت لە دەستپێک و سەرهەڵدانیاندا، لە ڕووی کات و سەردەمەوە هەردوو ڕێچکەکە لە چواریەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە سەرە داوەکانیان بە دیارکەوتووە، یەکێک لە هۆکار و پاڵپشتە بە هێزەکانی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و تەنانەت ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستیش چەخماخەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بوو، هەردوو ڕێچکەکە دەتوانین بە نەوەی دووەمی ڕیالیزمی هەژمار بکەین، چونکە هەردوو ڕێچکەکە لە منداڵدانی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەوە هاتوونەتە دەر و سەرچاوەیان گرتووە، لەم سەروبەندەشدا پێش هەردوو ڕێچکەکە، ڕێچکەی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی هەرمێنی هەبووە، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەش لە تەک ڕیالیزمی سەرەتا و بەراییدا گوزارشتە لە نەوەی یەکەمی ڕیالیزم، ئاشکرایە ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕیالیزمی سۆشیالیستی لێوانلێو و بارگاوییە بە ئایدۆلۆژیا، ئەویش بە ئایدۆلۆژیای لینینیزم و مارکسیزم، کە لە پوختە و چڕکرانەوەی ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیایەشدا، ئەدەب وەک ئامرازێک وایە لە تەک ئامرازەکانی تری ژیان، دەبێت بخرێتەگەڕ لە خزمەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین و پرسیاری ئەوە بکەین ئایا ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕیالیزمی سۆشیالیستی کە لە ڕووسیاوە سەریان هەڵداوە و بە دیارکەوتوون ئایدیۆلۆژیای لینینیزم و مارکسیزم ئاڕاستەی کردوون، هەر بەهەمان شێوە و بەهەمان بنچینە و پێوەر بە وڵاتانی تری دنیادا بڵاوبوونەتەوە و تەشەنەیان سەندووە؟ لە ڕاستییدا دەتوانین بڵێین: (ڕیالیزمی سۆشیالیستی، یاخود هەر شەپۆلێکی تری ئەدەبی لە بۆشاییدا نەسازێندراون، بەڵکو لە ئەنجامی پێداویستییە بابەتییەکان و هۆکارە لۆژیکییەکان سازێندراون).

(مرۆ، ٢٠٠٢، ٧١). بێگومان ئەم دوو ڕێچکەیە کتومت و وەکو خۆی لەسەر هەمان بنچینە و پێوەر بە وڵاتانی تری دنیادا بڵاو نەبوونەتەوە، چونکە ئاشکرایە هەر وڵاتێک کۆمەڵێک هۆکار و هەلومەرجی خودی و بابەتیی هەیە و جیای دەکاتەوە لە وڵاتانی تر و بە یەکتری ناچن، خاڵێکی تری لەیەکچوونی نێوان ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ئەوەیە کە هەردوو ڕێچکەکە لەلایەن " یەکێتی نووسەرانی سۆڤییەت" ەوە پشتگیرییان لێکراوە، تێڕوانین و دنیابینی و ئایدیۆلۆژیایەکەیان پشتڕاست کراونەتەوە، بە جۆرێکی وا لە سەردەمێکی دیاریکراودا هەردوو ڕێچکەکە هیچ بەرهەڵستکارێکی ئەوتۆیان نەبووە، هەردوو ڕێچکەکە لە ڕێی ژانری ڕۆمانەوە خۆیان ئاشکرا کردووە و خۆیان ناساندووە، پاڵەوان یان ڕاستتر بڵێین: کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکانیان ئەوانەن کە سەر بە چینی چەوساوە و زەحمەتکێش و ڕەنجدەر و شۆڕشگێڕانن، ئەوەی ڕاستیش بێت، ڕۆمانێک کارەکتەری سەرەکی سەرجەم چین و توێژانەی خوارەوە دەبێت، ئەمە واتا و بەڵگەی ئەوەیە کە پەیڕەوکارانی سەر بەم دوو ڕێچکەیە بڕوایان بە گۆڕانکاری و چاکسازیی ڕیشەیی هەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا و لە کایە و بوارە جیاجیاکاندا، لە هەمان کاتدا دەربڕی ئەوەیە کە ئەم نووسەر و ئەدیبانە ڕەشبینییان ڕەواندۆتەوە بە هۆی گەشبینییەوە و هەر چۆنێک بێت، بوونەتە مایەی بەخشینی ئومێد و هیوا بە مرۆڤگەلی ستەملێکراو و پەراوێزخراو. کەواتە بەم ئاڕاستەیە بێت ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە ڕێی کار و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو واقیعە جوانەی هەیە جوانتری پیشانبدەن، لە هەمان کاتدا ئەو واقیعە ناشرین و ناڕێک و تاڵەی هەیە ڕووبەڕووی بوەستنەوە و هەرگیز لە هەمبەریدا ڕاناکەن و ئەو ڕچەیە بشکێنن کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا تەنگی بە زۆربەی تاکەکان هەڵچنیوە. نەک

هەر لە چوارچێوەی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، بەڵکو لە سەرتاپای قوتابخانەی ڕیالیزمدا چەمکی "خەڵک" یاخود چەمکی "مرۆڤ" بە واتا گشتی و بەرفراوانەکەیان، هەروەها خەم و ئازار و مەینەتی و ناسۆرییەکانیان دەبێتە چەقی بیر و بیرۆکە و بابەتی بەرهەمە ڕیالیستییەکان. (وشەی "خەڵک" و "مرۆڤ" مەبەست لێیان بۆ ئەوانە کەسیەتییەکی زیندوون، کە خەمخۆرن لە پێناو ژیان و گوزەرانیان و بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە لە تەوەری ئەدەبی ڕیالیستیدا، ئەو نموونەیە ڕووتە نییە کە تەوەری ئەدەبی کلاسیکی بوو، ئەو مرۆڤە دوورە پەرێز و تاکخوازە نییە کە ڕایکردووە لە کۆمەڵگە، کە ئەمەش تەوەری ئەدەبی ڕۆمانسی بوو). (الاصفر، ١٩٩٩، ١٣٨). کەواتە هەر لە دووتوێی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، سۆشیالیزم نەکراوەتە بنەما و بنچینەی بەرهەمە ئەدەبیەکان، بەڵکو دەتوانین لە هەموو ڕێچکەکانی تری ڕیالیزمدا مرۆڤ و خەڵکی ئاسایی بەرجەستەکراون. لە چوارچێوەی (ڕیالیزمی سۆشیالیست لەسەر نووسەرە لەو گۆشەنیگایەوە وەسفی کۆمەڵگە بکات کە وەکو خۆی بوونی هەیە، یاخود وەسفی بکات کە لە ئێستادا خۆی دەبێت یان لە داهاتوودا چۆن دەبێت) (عیاد، ١٩٩٣، ٤٧). لەم ڕوانگەیەوە بەرهەم و کارە ئەدەبییەکانی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەڵگری خەسڵەتی ڕوانینە بۆ داهاتووی کۆمەڵگە و پەیڕەوکارانی سەر بەم ڕێچکەیە دەیانەوێت جۆرە ئەدەبێک بەرهەم بهێنن کە نوێکاری و هاوچەرخێتی لێی بتکێت، ئەو ڕابردوو و ئێستایەش بەدیهێنەری کار و بەرهەمی نوێ و ڕچەشکێن بێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕێچکەیە کۆمەڵ و کۆمەڵگەی بە ئامانج کردووە هەرچۆنێک بێت، دەبێت ڕەنگرێژی داهاتوو بکات مانەوە لە ئێستادا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بە بەردەوامی چەقبەستوویی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەیەنێت. ئەو بەرهەم و دەقە ئەدەبییانەی کە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستییەوە نووسراون، یاخود

دەکەونە ژێر ساباتی ئەم ڕێچکەیەوە مەبەستیانە سیستەمی سەرمایەداری لە ئێستادا و سیستەمی فیودالیزم بەدیاربخەن و وای پیشانبدەن کە ئەم دوو سیستەمە بەو ڕەوت و ئاڕاستەیە کاردەکەن کە مرۆڤەکان بڕەتێنن، و دایماڵن لە کۆی تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکانیان، لە هەمبەر ئەمانەدا سیستەمی سۆشیالیستی وەکو جێگرەوەیەکی لەباری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پیشانبدەن. پێویستە لەسەر هونەری مەزنی ڕیالیستی ببێتە سەرەتایەک کە لە هەموو دیاردە و شتە سەیروسەمەرە نوێیەکان تێبگات کە لەسەر شانۆی مێژوو ڕوودەدەن، بە چالاککردنی ئەو هێزەی کە بۆتە پاڵنەرێکی مێژوویی بۆ بەدیهێنانی گواستنەوەی مرۆڤایەتی لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆشیالیستی. بەو واتایەی دەقە ئەدەبییەکانی سەر بە ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، دەیانەوێت ئەوە دووپات بکەنەوە لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە گوتارێک ئاڕاستە بکەن پشتڕاستی سیستەمی سۆشیالیستی بکەنەوە و بڵێن: گەر مرۆڤایەتی تا ڕادەیەک یەکسانی و دادپەروەری بەخۆیەوە ببینێت ئەوا دەبێت ڕوو لە سیستەمی سۆشیالیستی بکەن و پشت لە سیستەمی فیودالیزم و سەرمایەداری بکەن لەبەر ئەوەی ئەم دوو سیستەمە بەرهەمهێنەری نایەکسانی و نادادپەروەرییە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. لە کاتێکدا لە هەردوو سیستەمدا مرۆڤەکە، تاکەکە دانەنیشتووە و کاردەکات، کەچی لەولاوە چەند کەسانێکی دیاریکراو بەری ڕەنجی بەحازری دەخۆن و خۆیشی وەک پێویست تێری لێ ناخوات. لە چوارچێوەی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ڕاستە کۆمەڵگە بە چین و توێژە ڕەنجدەر و زەحمەتکێش و چەوساوەکان گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت و بە بایەخەوە لێیان دەڕوانرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەر تاکێک (مرۆڤێک) بە بەرزی دەنرخێندرێت و جەخت لە بەها و نرخی مرۆڤ دەکرێتەوە، لە ڕوانگەی ئەوەی مرۆڤ گەر مەبەستی بێت دەتوانێت گەلێک شت بەدەست بهێنێت، و تواناکانی

مرۆڤ ئەگەر بخرێنەگەڕ توانای لەبننەهاتوون و لە دواجاردا هەم سوود و کەڵکی بۆخۆی دەبێت، هەم دەبێتە مایەی کەڵک و سوود بەخشین بۆ کۆمەڵگە. (ئەدیبانی سەر بە ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ئامانجیان سەرکەوتنی لایەنی چاکەیە و بڕوا و متمانەیان بە مرۆڤ و تواناکانی هەیە، بە گیانێکی گەشبینانە بە بێ نائومێدبوون و ڕەشبینی لێی دەڕوانن). (جابالله، ٢٠٠٥، ٦٩). کەواتە ئەدیبانی سەر بەم ڕێچکەیە خۆیان بۆ ئەوە یەکلاکردۆتەوە کە خراپە و خراپەکاری سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان نییە و لە هەمان کاتدا ئەم خراپە و خراپەکارییە، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا هەر چەندە درێژ ببێتەوە و بخایەنێت ئەنجامەکەی لە نێوچوون و نەمانە، هەروەها ئەدیبانی سەر بە ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بەدیهێنەری جۆرە دەقێکی ئەدەبیین، کە هەمیشە گەشبینی تێیدا سەوز دەبێت و ئومێد و هیوای ڕاستەقینە دەبەخشنەوە، ئەمەش لە دووتوێی بەرهەمەکانیان بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت. بەشێک لە ڕەخنەگر و توێژەرانی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە نابێت هێندە گرنگی و بایەخدان بە مانا و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ببێتە مایەی لەکەدارکردنی بەهای جوانیناسیی و هونەرییانەی بەرهەمە ئەدەبییەکە. کەواتە ناکرێت قوتابخانەی ڕیالیزم و ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەمیشە ببنە بەرهەمهێنەرێکی ئەو دەقانەی کە بەها جوانیناسی و هونەرییەکانی دەقی ئەدەبییان بە قوربانی بابەت و مەبەستەکەی کردووە، چونکە ئاشکرایە بابەت و ناواخنی دەق چەندە کاریگەر و بەپێز بێت، بەڵام هەر دەبێت ئەم بابەت و ناواخنە هونەری بێت، بۆ ئەوەی دەقبوون بێتە ئاراوە بە تێگەیشتنە فراوانەکەی بۆ ئەمە پێویستە ئەو دەقانەی دەکەونە ژێر ڕووناکایی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستییەوە. (بە تێگەیشتنێکی مرۆڤانەی بەرفراوان، هەروەها هەستکردن بەو گرنگییە گەورەیەی بەهای

جوانیناسی و هونەرییانە بچنرێن و بنووسرێن بێگومان ئەو بنەما و بنچینانەی کە گوزارشت لە جوانناسیبوون و هونەریبوون دەکەنەوە هەر پەیوەست نین بە دەقی ئەدەبییەوە، بەڵکو بە کایە و بوارگەلێکی ترەوە ئەم کایە و بوارانەش گەر لایەنی جوانیناسی و هونەریی لێ داماڵرا ئیتر نرخێکی ئەوتۆی نامێنێت و بەچاکی و باشی ڕانانرێت و بەمەش تاڕادەیەک دەچێتە خانەی نەبوونەوە، یاخود بوونێکی خراپ و ناشرین و لەکەدار ). (فان تیغم، ١٩٨٣، ١٣٨). بۆیە گەر هەر قوتابخانە و ڕێبازێکی ئەدەبی بیەوێت تەنیا دەق لە ڕێی ناواخنەوە، یاخود دەراخنەوە لایەنی جوانیناسی و هونەرییەوە پەرژین بکات، ئەوا ئەو قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکە ئەدەبییە ناتوانێت دەقی ئەدەبی وەکو خۆی و بەتەواوی و خەملێوی بنووسێت، بەڵکو بەرکەوتەی ئەو دەقە ئەدەبییە بریتییە لە نیوەچڵی و پێنەگەیشتوویی لەبەرئەوەی ڕێچکەی  ڕیالیزمی سۆشیالیستی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵگە و مرۆڤەوە، ئەمە وایکردووە ئەم ڕێچکەیە بەریەککەوتنی لەگەڵ هەندێک لە قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکەی تر هەبێت. (ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە لە ژێر ڕۆشنایی ڕیالیزمی سۆشیالیستی دەنووسرێن مەرج نییە ئەو بەرهەمانە وەکو خۆی بکەونە ژێر ئەم ناونیشانەوە و تەنیا بەو ڕێگەیە هونەرییە دیاریکراوە دەرببڕێن ، ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە هونەرییانە بە شێوە و شێوازی هەمەچەشن دادەڕێژرێن، دەشێ بە هێماگەری دەست پێبکات و بە سوریالیزم و داستان و ئەفسانەگەری کۆتایی پێبێت). (عیاد، ١٩٩٣، ٩٨). بێگومان ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگە و مرۆڤ خۆی لە خۆیدا جۆبارێکە، ئاوی ئەم جۆبارە دەڕژێتە گەلێک جۆگە و جۆگەلەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە  هێڵە درشت و گشتییەکانی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە ڕوونی خۆیان لە چوارچێوەی چەندین قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکەی ئەدەبیی ترەوە دەنوێنن، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: کە ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی

هەر لە چوارچێوەی ڕێچکەیەکی ئەدەبییدا قەتیسی نەخواردووە، بەڵکو لەپاڵ جوانیناسی و هونەریبوون و نوێبوونەوەدا هەڵوێستەکە لێوانلێوە لە جوانیی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە بۆتەی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، لەپاڵ گواستنەوە و سازدانی ئەو وێنە و دیمەنە کە لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکەوە هەڵهێنجراون، ئەم ڕێچکەیە مەبەستییەتی واقیعیەتی مرۆڤەکانیش بگوازرێننەوە و بسازێنێت. بە واتایەکی تر دەشێت بەرهەمەکانی سەر بە ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لەگەڵ ئەوەی وێنە و دیمەنە هەستییەکان بە ئاسانی بەرجەستە دەکەن، دەشێت کار بۆ ئەوەش بکرێت ئەو وێنە و دیمەنانە ناهەستییانەی کە لە قووڵایی ناخی مرۆڤەکاندان بۆ سەرەوە سەربخرێن و دیاربخرێن. (پێویستە ئەدیبی ڕیالیستی هەر گرنگی بە واقیعیەتە کۆمەڵایەتییەکە نەدات ، بەڵکو پێویستە گرنگی بە واقیعی سۆزداری و ڕۆحێتی مرۆڤەکان بدات). (العبیدی، ١٩٨٣، ٦٥). بەم پێودانگە بێت ئەدیبی ڕیالیستی سەر بە ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر لە چوارچێوەی واقیعە کۆمەڵایەتییە هەستپێکراوەکە مایەوە و نەیتوانی ئەو واقیعە تێبپەڕێنێت، ئەوا ئەستەمە بتوانێت ناسنامەی ئەدیبێک بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام کاتێک هەر ئەم ئەدیبە لە تەک ئەو واقیعە هەستپێکراوە پەلوپۆی هاویشت بۆ تخووبی ئەو واقیعانەی کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە بەڵام هەستپێکردنیان کارێکی ئاسان نییە و بە ڕاز و پەنهانی ماونەتەوە، کەواتە ئەو ئەدیبە ڕەنگرێژی دەقێکی ئەدەبیی هونەریی کردووە، ئەگینا گەر کاری ئەدیب هەر تەنیا گواستنەوەی واقیعە هەرە دیار و هەستپێکراوەکان بێت، لێرەدا ئەدیب ئەرکە ئەدەبییەکەی بەجێ نەهێناوە و لە چوارچێوەی ئەدەبناسیش نەماوەتەوە، بەڵکو ڕۆڵ و ئەرکی کارەکتەرێکی بواری کۆمەڵایەتی، یاخود کۆمەڵناسێکی بینیوە، چونکە بە ئاشکرا کاری ئەمانە وێنەکێشان و وێنەگرتن و گواستنەوەی واقیعە وەکو خۆی نەوەک ئەوەی کاری ئەدیبێک بێت.

**ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە دووتوێی ڕۆمانی "پێشمەرگە" دا.**

ئاشکرایە ڕۆمانی"پێشمەرگە" جگە لە پێشەکی ڕۆماننووسی "د. ڕەحیمی قازی" کە بۆ چاپی دووەمی ڕۆمانەکەی نووسیوە. هەروەها "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ" لە ژێر ناوی "پێشەکی" و "حەسەنی قزڵجی" لە ژێر ناونیشانی "بەباڵا بڕینێک"، هەردووکیان لە ژێر ناونیشانی جیادا پێشەکییان بۆ ڕۆمانەکە نووسیوە، بەمەش ڕۆمانی "پێشمەرگە" بەرهەمێکە بەمە دەناسرێتەوە کە سێ پێشەکی بۆ نووسراوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین پێشەکییەکەی "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ"ـە، کە زۆر بە ڕوونی جەخت لەوە دەکاتەوە ڕۆمانی "پێشمەرگە" بەرهەمێکە لە دووتوێی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی دایە (خاوەنی پێشمەرگە لە بەرگێکی جوانا وەک نووسەرانی پەیڕەوی بیری سۆشیالیستی "واقعیەتی ئیشتراکی" وێنەیەک ئەخاتە ڕوو، وێنەی ژیانی جووتیارانی کوردستان، پەیوەندیی نێوان فەلاح و دەرەبەگانی خائین، دوژمنایەتی دەرەبەگانی نۆکەر لە گەلی کورد و کوردایەتی و هەوڵدانیان بۆ خنکاندنی جمهوریەتە جوانە مەرگە لە دڵا زیندووەکەی و لەم کاتەدا دەتباتە کۆڕی چەند دیمەنێکەوە کە وەک لەگەڵ گۆگۆڵ و تۆلستۆیدا بیت یان وەک مەکسیم گۆرکیدا بێت لە چیرۆکی "دایک" دا. (قازی، ٢٠١٠، ١٢-١٣). کەواتە "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ" خۆی بۆ ئەمە یەکلاکردۆتەوە کە ڕۆمانەکەی تەنانەت خودی ڕۆماننووسیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تێڕوانین و بیری ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و پەیڕەوانی لە نووسەر و ئەدیبە بەناوبانگەکانی سۆڤیەت کە خۆیان لە "گۆگۆڵ" و "تۆلستۆی" و "مەکسیم گۆرکی" دا دەبیننەوە، لەگەڵ ئەمەشدا "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ" لە شوێنێکی تری پێشەکییەکەیدا بیر و بۆچوونی تریش دەردەبڕێت لەمەڕ ڕۆمانی "پێشمەرگە" ئێمەش بە

پێویستی دەزانین لە شوێنی تردا ئاماژەی پێبکەین و بیخەینە چوارچێوەی گفتوگۆ و بیر و بۆچوونەکانمانەوە. ئەوەی پەیوەستیش بێت بە (بەبالا بڕینێک)ـەی، یاخود بلێین: پێشەکییەکەی"حەسەنی قزڵجی"ـیەوە هەمان شتی"عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ"ـی وتووە، بەڵام بە بێ ئەوەی ئاماژە بە چەمکی، یان ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بکات. (ئەم چیرۆکە بە قەڵەمێکی ڕەوان و شێوەیەکی شیرین نووسراوە و باری ژیانی کوردەکانی ئێران نیشان دەدات. چلۆنایەتی دەرەبەگ و وەزیر و زەبر و زەنگی میری و پشتیوانیی شۆڕشی مەهاباد لەلایەن هەموو تیرە و چینەکانی کوردستانی ئێرانەوە دەردەخات و وەک و ئاوێنە ئەو ئەڵقەیە لە مێژووی کوردستان دەنوێنێ). (قازی،٢٠١٠، ١٥).
گەر هەردوو بیر و بۆچوونەکە "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ" و "حەسەنی قزڵجی" بەراورد بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت بڕیاردانەکەی "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ" لەبارەی ڕۆمانی "پێشمەرگە"ـــوە ورد و زانستییانە و سەنگینترە و ڕەخنەییانە دەردەکەوێت، بڕیاردان و هەڵسەنگاندنەکەی "حەسەنی قزڵجی" شتێکی ئەوتۆی لێ هەڵناکڕێندرێت، بە شێوازێکی دارشتنئامێز بیروڕا و بۆچوونەکەی دەربڕیووە و بڕیارەکەی داوە، ئەمەی ماوەتەوە بلێین: هەردوو پێشەکییەکە کاتی نووسینیان هاوکاتە، لە ساڵی "١٩٦٠"دا نووسراون، کەچی شوێنی نووسینیان جیاوازە، یەکێکیان لە دەرەوەی وڵاتە لە "مۆسکۆ"ـــی پایتەختی سۆڤیەت لە لایەن "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ" ئەوەی تریان لە ناوەوەی وڵات لە "مەهاباد"ـــی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەلایەن "حەسەنی قزڵجی"ـیەوە نووسراون. گوندی "کانی سەوز" گوندێکە لە نزیک شاری "سەقز"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی کارەکتەر و ڕووداوەکان لە دەوری ئەم شوێنەدا دەخولێنەوە سەرلەبەری ئەم گوندە لەلایەن ئاغاوە دەستی بەسەردا گیراوە، دەست و پێوەندەکانیشی مەبەستیانە سەرلەبەری دانیشتوانی گوندەکە بە حەز

و ویستی ئاغاکەیان ئاراستە بکەن، لەم گوندەدا بستێک ئەرز نابیندرێتەوە کە مافی خاوەندارێتییەکەی بۆ جووتیار و هەژارێک بگەڕێتەوە. "کانی سەوز" نزیکەی سەد ماڵی قەرە و جووتبەندەی تێدایە تەواوی مەزرایی دێیەکە، هی خاوەن موڵکە). (قازی، ٢٠١٠، ١٦). ئەوەی تەنیا لەم گوندەدا خاوەن زەویوزار بێت و موڵکدارێتییان بکات بنەماڵەی ئاغایە، ئەوا ئیتر هەموویان گیرۆدەی دەستی نەگریسی ئاغان و ئاغا چۆنی بیەوێت دەبێت ئاوا هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەگینا بە هیچ شێوەیەک ئەوانی قبووڵ نییە ململانێی چینی سەرووی کۆمەڵگە و چینی خوارووی کۆمەڵگە لەم ڕۆمانەدا زۆر بە ناهاوسەنگی دەردەکەوێت "کاک مامەند" وەک کارەکتەرێک نوێنەرایەتی چینی خوارووی کۆمەڵگە دەکات لە ڕەش و ڕووت و هەژار و لێقەوماو، بە ناو جووتیارە، کەچی خاوەنی هیچ کەرەستە و ئامێر و بنەڕەتییەکی جووتیاریی نییە و ئەوەی هەیەتی و نیەتی تەنیا دەست و بازووی خۆی و ماڵ و منداڵەکانییەتی. (کاک مامەند یەکێک لەو ڕەشاییانە بوو کاسبکاری دەکرد و نۆ مانگی تەواو بە خاو خێزانەوە لە زەویی ئاغا کاری دەکرد و= ڕۆژیی نەمر و نەژی زستانی وەسەر یەک دەنا) (قازی، ٢٠١٠، ١٧). ئەم ڕەش و ڕووت و هەژارە بۆ ماوەی نۆ مانگ بە خۆی و خاو خێزانییەوە ڕەنج بۆ ئاغا دەدا و زەحمەتی بۆ دەکێشێت، کە چی کاتێک ساڵێک لە ساڵەکان نەهامەتی ڕووی تێدەکات و سن و کیسەڵە و کوللە لە دەغلۆدانەکەی دەدات و لەلایەکی ترەوە ئەو تووتنەی کە لە قەد پاڵی کێوێک بە هەزار کوێرەوەری و دەردەسەری چاندبووی لەلایەن گاڕانی ئاغاوە هەمووی سەراوبن دەبێت، هێندەی تر ئەرکی ئەم داماوە سەخت و قورس دەکات ئەوانە لەلایەک، کەچی لەولاوە ئاغای چاو چنۆک و ویژدان مردوو داوای قەرەبووشی لێدەکاتەوە، چونکە ئەو دەغلۆدانەی کە ئەم چاندبووی و بەروبوومەکەی بەم شێوەیە بوو، تۆوەکەی هی ئەمبارخانەی ئاغا بوو،

بۆیە دەبێت هەر چۆنێک بێت تۆوەکە بۆ ئەمبارخانەکە بگەڕێتەوە لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا و جەور و ستەمەکانی، مرۆڤ لە مرۆڤبوونی داماڵدراوە و هیچ شتێکی پێڕەوا نابینرێت کە شایستەی مرۆڤ بێت، تەنانەت ئەو خۆراک و خواردەمەنیەی دەشیخوات بۆ بوونەوەرێکی وەک مرۆڤ نەشیاوە و هی بوونەوەرانی ترن. (کەرە بۆز لە تاقەت کەوت هەردوو گوێی شۆڕکردەوە و ڕاوەستا. کاک مامەند لە کەرە بۆز دەوەژێنێ و دەڵێ: کەرە کەرە، ئەی بەستەزمان مەگەر نەفامی کە تۆش وەک منداڵەکانی من برسی، ئەمن هەرچی دەخۆم ئەتۆش هەر ئەوە دەخۆی ... هەردووکمان بووینە جۆخۆر هەچە هەچە). (قازی، ٢٠١٠ : ١٩). ئاغا دەست و پێوەندەکانی تەنگیان هەر بە تەنیا بە مرۆڤەکان هەڵنەچنیوە، بەڵکو مامەڵە و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی ئەوان هەموو بوونەوەرانی گرتۆتەوە بە مرۆڤ و ئاژەڵان، بە گەورە و بچووک، بە پیاو و ژن ...هتد. ئاغا گەمارۆ و ئابڵووقەی هەموو ئەمانەی داوە تەنیا لە پێناو ئەوەی ببنە کۆیلە و دەست و پێوەند و نۆکەری ئەو، بارودۆخی مرۆڤەکان بە جۆرێک شڵەژاو و شپرزە بووە کە وای لێهاتووە مرۆڤەکان بۆ دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان لە بری خۆراکێک کە شیاوی مرۆڤەکان بێت، ئەوا " جۆ" دەبێتە خۆراکی هاوبەشی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکان، گەر بە چنگیشیان بکەوێت دەبێت سوپاسگوزاری ئاغا و ڕژێمەکەی بن، ئەمە دۆخی قورس و گوزەرانی سەختی پاڵە و زەحمەتکێش و ڕەنجدەر و هەژارانە، کەچی لەملاوە ئاغاو نۆکەرانی خەریکی کەیفسازی و خۆشگوزەرانی و خەیاڵسازیی ڕاوکردنن بۆ ئەوەی خۆیان لەو واقیعە تاڵە گێل بکەن کە زۆربەی خەڵکی تێکەوتووە. (ئەمن بۆ وەدەستهێنانی پاروە نانێک، بەڵام ئەوان بۆ ئەوەی کە سبەینێ لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا بچنە ڕاوە کەروێشک و بیخۆن ئەوەتا ئەوان بە جلی ئاوریشم تانجیەکانیان داپۆشیوە و لە جێگای گەرم ڕایانگرتوون، بەڵام ئەمن لەو ئەشکەوتە ساردەدا لەجیاتی

دۆشەک ئەرزم ڕاخستووە و لەجیاتی لێفە عاسمانم بەخۆمدا داداوە و دانم ددانم ناگرێ) (قازی، ٢٠١٠، ٢٠). تانجی و ئاژەڵە ڕاوکەرەکانی ئاغا هێندە پۆشتە و پەرداخن و ئاوریشم دەپۆشن، کەچی خەڵکەکە جلوبەرگێکی ئاساییشی نییە بیپۆشن، ڕاخەرێک نییە لە سەری بخەون، لێفەیەک نییە خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە، ئاغا و دەست و پێوەندەکانی ئەوەندە بە خەڵکی ڕەوا نابینن کە سەر خەوێک بە ڕاحەتی بشکێنن و خەون و خەیاڵ ببینن. ڕژێمی دەرەبەگایەتی سەرومڕ و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕژێمە ڕامیارییە دیکتاتۆرییەکاندا هەیە، ڕژێمە ڕامیارییەکە گەلێک جار بە هۆی ئاغا و نۆکەرانییەوە خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت دەچەوسێننەوە و ئازاریان دەدەن و ڕاویان دەنێن و تەنانەت ئامادەن بشیانکوژن، بەمەش پیاوانی ڕژێمی ڕامیاری وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و خۆیان هێندە بە پیاو خراپ دەرناخەن. (ئەو شەوە سەرۆکی دایرەی ژاندرمی سەقز "گورد شمیرایش" لەگەڵ چەند ئەفسەری دیکە بە میوانی هاتبوونە لای قەرەنی ئاغا ... مەجلسی قومار گەرم گەرم بووە. سەرگورد شمیرانی کە لە قوماردا وەک لەلای وایە و بۆ عەرەق جووتکردن دەستی شەیتان لە پشتیەوە گرێ دەدا زوو زوو هاتوچۆی ماڵە قەرەنی ئاغای دەکرد و قازانجێکی کە بە قەرەنی ئاغا و کوڕەکانی گەیاندبوو، ئەوە بوو کە ئەوانەی خێری قومار خێر و بەرەکەتێک بوو کە لە کاتی شەڕی دووەمی دنیادا ئینگلیزی و ئەمریکاییەکان بە دیاری بۆ بەگەکانی ئێرانیان هێنابوو). (قازی، ٢٠١٠، ٢٢-٢٣). چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە نانە ڕەقە نییە بیخۆن، کەچی ئاغا و پیاوانی ئاسایشی دەوڵەت خەریکی قومار و قوماربازین، کەیفسازی و ڕابواردنن، ئەوەی خەمیان نەبێت و بواریان نەبێت بیری لێبکەنەوە خەمە کەڵەکەبووەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ڕۆماننووس بە تەنز و ساتیرەوە هەردوو زلهێزەکەی جیهان بەریتانیا و ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکات

لەجیاتی ئەوەی خزمەتێک بە کۆمەڵگا بگەیەنن، بەڵام لە بری ئەوە نەک ئامادە نین ئەم خزمەتە بکەن، بەڵکو لە زەرەر و زیان و سەرئێشە و مژۆڵبوون بە کاری لابەلایی و هیچ و پووچ بەملاوە ئامادە نین هیچ شتێکی تر پێشکەشی میللەتانی ژێر دەستە بکەن. ڕۆماننووس "د. ڕەحیمی قازی" وەک کۆمەڵناسێک کولتووری ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیری لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شەن و کەو دەکات (لاوانی کرمانجی هەژار زۆرجار بە تەنیا لە دوو ڕێگاوە دەتوانن ژن بێنن. ئەگەر لە ماڵی ئەو لاوە کچ هەبێ ئیتر بیر و خەیاڵی ئەو بۆ ژنهێنان بۆ کوڕەکەیان گەورە دەبێت لە ڕێگای ژن بە ژنەوە ژن بۆ کوڕەکەی دەهێنێ ئەو کوڕانەی کە لە ماڵێدا خوشکیان نییە، گەلێک مەجبوور دەبن کچ هەڵگرن و لە پاش هەڵگرتن کچەکە دەبەنە ماڵە، مەلا یان قازی و لە پاشان بە هۆی ئەوان لەگەڵ باب و دایکی کچەکە ئاشت دەبنەوە). (قازی، ٢٠١٠، ٣١). گەر لەم کولتوورەی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وردبینەوە، دەبینین لە هەردوو دۆخ و بارەکەدا لە دواجاردا ژنەکە دەبێتە قوربانی و باجی ئەم قوربانیدانەش هەر چۆنێک و چەندێک بێت هەر ئەو دەبێت بیدات، ئاشکرایە ئەم دوو چەشنەی کولتووری هاوسەرگیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باوە و ئاساییە، بێگومان لە پارچەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری دەشێت ناباو و نائاسایی بن، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەیە کە کولتووری کوردەواری لە پارچەکانی کوردستاندا کەم تا زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری و هەژموون و دەسەڵاتی نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب، کولتووری ئەم نەتەوە دژە کوردانە ڕۆڵی ترسناکی بینیوە لە ناشرینکردن و نا ڕێککردنی و گۆڕانی کولتوور گەلێکی ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردەواری. یەکێکی تر لەو دەرەبەگ و ئاغایانە "مینە ئاغا" یە، ئەم ئاغایە وەکو ئاغاکانی تر بە شێوەیەکی بەد ڕەوشتانە ناو و ناوبانگی ڕۆیشتووە دەناسرێتەوە. (مینە

ئاغا هەر چەندە چوار ژنی هەبووە، بەڵام دیسانەکەش دانەدەمرکا و یەکجار زۆر داوێن پیس بوو، بەو قەد و گیپاڵەیەوە ڕێگای بە ژنانی دێ دەگرت و لە هەر ژنێکی ئیشتیای چووبایە بە هۆی ژنی گزیری دێ کە دەلاڵی بۆ دەکرد هەوڵی دەدا وە چەنگی بێنی جوانیی مرۆت دڵی ئەو گۆڵە پیرەی وە خرپە خرپ خستبوو، هەرکاتێک چاوی بە مرۆت دەکەوت و تووشی دەهات ، هەر دەتگوت گورگە و ئاسکی دیوەتەوە). (قازی، ٢٠١٠، ٤٠). لێرەدا دەگەینە ئەنجامێک کە ئاغاکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و چینە دەستڕۆیشتوو و باڵاکان هەر دەستدرێژی ناکەنە سەر لایەنی ئابووری لە کرێ و باج و سەرانە سەندن و دەستبەسەرداگرتنی قووت و بژێوی و گوزەران، بەڵکو دەستدرێژی دەکەنە سەر شەرەف و ناموس و ڕەوشت و کەسێتی مرۆڤی کورد، هەروەها دیاردەیەکی تر لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا باوە و ڕادەیەکی زۆر تایبەتە بە ئاغا و دەرەبەگ و چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە دیاردەی فرە ژنییە، وە نەبێت ئەم فرە ژنییە حەز و ئارەزووی ئەوان دامرکێنێتەوە، بەڵکو ڕژد و سەرسەختتریان دەکات بۆ بەرەڵاکردنی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانیان و دەستدرێژیکردنە سەر کچ و ژنانی هەژار و لێقەوماو و بەتاڵانبردنی شەرەف و ئاکاریان، بە مەرامی تێرکردنی حەز و ئارەزوو و ئالۆشانی ئاژەڵانەیان.

**ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە لە دووتوێی ڕۆمانی "پێشمەرگە" دا**

ڕۆماننووس "د. ڕەحیمی قازی" هاوکات لەگەڵ چاپی دووەمی ڕۆمانی "پێشمەرگە" لە ساڵی ١٣٥٩ قەمەری =١٩٨٠ زایینی، لە شاری مهاباددا، پێشەکییەک وەک نووسەری دەقەکە بۆ بەرهەمەکەی دەنووسێت، لەم پێشەکییەی ڕۆماننووسدا ئەوەی زۆربەی ڕووبەری پێشەکییەکەی گرتۆتەوە بابەت و مەسەلەی نیشتیمانپەروەری و نەتەوە خوازییە، هەر لە چوارچێوەی ئەم پێشەکییەدا وشە و زاراوە و چەمکی

"پێشمەرگە" دەبێتە چەقی قورسایی بابەت و مەسەلە نیشتیمانپەروەری و نەتەوە خوازییەکە. بۆ ئەم مەبەستە "د. ڕەحیمی قازی" لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: (وشەی پێشمەرگە دیاری و بیرەوەرییەکی بە نرخ و خۆشەویست و بەڕێزە کە لە یەکەمین کۆماری نەتەوایەتیی خودموختاری کوردستانەوە بۆمان ماوەتەوە، وشەی "پێشمەرگە" بۆ خۆی داستانێکە کاتی دامەزرانی کۆماری خودموختاری کوردستان (قازی،٢٠١٠، ٨). کەواتە لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە ڕابەرایەتی "قازی محەمەد"، پێشمەرگە وەک وشە و زاراوەیەک چەسپا لە زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی میللەتی کورد، ئاشکرایە شوێنکاتی ئەم کۆمارە نۆبەرەیەی کوردستان لە شاری" مهاباد"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵی "١٩٤٦" دامەزرا. ئاخۆ دەبێ وشەی "پێشمەرگە" لەو سەردەمە لە بری چ وشەیەک بەکارهاتبێت؟ ئەوانە کێن کە " قازی محەممەد"ی نەمر ڕایسپاردوون کە تاوتوێی وشەیەک بکەن گوزارشت بێت لە پیاوانی بە جەرگ و بوێر و دڵاوەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەو سەردەمەدا، بە دیاریکراوی کۆماری کوردستان؟ ئایا چین و توێژانی دەستەبژێر و ڕۆشنبیران وشەی "پێشمەرگە" دەدۆزنەوە و دەیچەسپێنن؟ یاخود کەسانی ئاسایی و ڕەشۆک وشەی پێشمەرگە بۆ "قازی محەممەد" پێشنیاز دەکەن و دواتر چەکەرە دەکات و دەچەسپێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و گەلێکی تر. "د. ڕەحیمی قازی" بەم شێوەیە وەڵاممان دەداتەوە. ( پێشەوا قازی محەمەد کە گرینگییەکی زۆری داوە بە زمان و ئەدەبی کوردی، ئەسپاردبووی لەجیاتی وشەی سەربازی و عەسکەری و نیزامی و فیدایی، وشەیەکی جوانی کوردی بدۆزێتەوە و بەکاربهێندرێت. جا ڕیزەیەک لە نووسەران و هونەران و پسپۆڕانی کورد بەو ئامانجە کۆبوونەوەیەک پێکدەهێنن و چەند سەعاتێک وتووێژی لەسەر دەکەن و بەئەنجامێکیش ناگەن کوردێکی پیر و نەخوێندەوار و دنیا دیتوو کە لەو

کۆبوونەوەیە خزمەت دەکا و نان و چایان بۆ دەهێنێ دەبینێ کە هەموو شەکەت بوون، چوونەتە بەحری خەیالاتەوە، لە ناکاو هەڵدەدا و دەڵێ: ئەرێ بۆچی خۆتان لە هیچ و خۆڕایی ماندوو دەکەن باب و باپیرانمان پیاوی ئازا و بەکاریان بە پێشمەرگە نێوبردووە، ئێوەش هەر ئەو نێوەی لێ بنێن). (قازی، ٢٠١٠، ٨). کەواتە وشەی "پێشمەرگە" چ لەو سەردەمەدا و چ لە سەردەمی ئێستاشماندا جوانترین و شیرینترین و ڕێکترین و ڕەسەنترین وشەیە کە گوزارشت بێت لەو مرۆڤانەی کە چەکی بەرگری و داکۆکییان لەسەر شانە و خۆبەختکەر و قوربانیدەرن لە پێناو هاونیشتمانییان، نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیان، مەرگدۆستییان هەڵبژاردووە لە پێناو ژیاندۆستی مرۆڤەکانی تر. دەبێت بە بیر و بۆچوون و تێڕوانین و تێگەیشتنی" د. ڕەحیمی قازی" خاوەنی ڕۆمانی "پێشمەرگە" یەکەمین پێشمەرگە کێ بێت؟ خودی ڕۆماننووس بەم شێوەیە بەرسڤی پرسیارەکەمان دەداتەوە. (ئەو کەسەی کە وەک پێشمەرگەی ژمارەی یەک بە تاوانی ڕزگاریخوازی و نیشتمانپەروەری بە سەر بڵندی و سەربەرزییەوە شەربەتی شەهادەتی چێشت، پێشمەرگەی ژمارە"١" سەرکۆماری کوردستان، پێشەوای نەمر قازی محەممەد بوو). (قازی،٢٠١٠، ٩). بێگومان ئەم تێگەیشتن و لێکدانەوەیەی ڕۆماننووس و بۆچوون و گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت، ئەستەمە بتوانین یەکەمین پێشمەرگەی ئەم نەتەوە و خاکە دیاریبکەین، بەڵام "قازی محەممەد"ی نەمر دامەزرێنەری کۆماری کوردستان ترۆپکی قوربانیدان و پێشمەرگایەتییە لە پێناو نەتەوە و خاکەکەی، کە هەرگیز سڵی لە مردن نەکردۆتەوە، ئەگینا دەیزانی لەو سەردەمەدا لە نێوان ئەم هەموو دوژمنانەی کورد لەسەر ئاستی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتانی دراوسێ و تەنانەت دەوڵەتانی زلهێزی جیهانیش چارەنووسی لەمە باشتر نابێت و تەنیا بژاردەیەک دەبێت "قازی محەممەد" ئەزموونی بکات مەرگە. کەواتە "قازی محەممەد"

تەواو درکی بەوە کردبوو و لەوە گەیشتبوو کە بە چی و چۆن ڕووبەڕووی مەرگی دەکەنەوە، بەڵام ئەو ئەمەی لە لا گرنگ و بایەخدار بووە چی بکات و چۆن بژیەت؟ بۆ نەتەوە و خاکەکەی نەک لە پێناو خۆیدا. هەر لە بارەی بەرجەستەکردنی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆمانی "پێشمەرگە" دا ، "عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ" بەمشێوەیە بیر و بۆچوون و تێڕوانینی خۆی دەردەبڕێت. (کاتێ کە جمهووریەت لە ناوبرا و قازیی نەمر و هاوڕێکانی کران بە دار و کارەساتە خوێناوییەکەی مەهاباد لاپەڕەی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی ئەوەندەی تر ڕەش کرد). (قازی،٢٠١٠، ١٠). کەواتە ڕۆمانی "پێشمەرگە" ڕۆمانێکی ڕیالیستییە و گوزارشت لە ڕووداوێکی ڕامیاری و شۆڕشگێڕیی ڕیالیستانە دەکات لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی بزووتنەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ، بە ڕێبەرایەتی "قازی محەممەد"ی کەسایەتی و سەرکردەی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد و هاوڕێیانی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستاندا هەرچەندە شۆڕشە سیاسییەکەی " قازی محەممەد" بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی یەکجارەکی کۆماری کوردستان لەبار برا، بەڵام ئەمە نەبووە بەخشینەوەی نا ئومێدی بە شۆڕشگێڕانی کورد، بەڵکو کۆماری کوردستان دوای لە نێوبردنیشی بووە تەلارێکی بەرز و بڵند بۆ ئەوەی بەشێک لە شۆڕشگێڕانی هاوسەردەمی "قازی محەممەد" و شۆڕشگێڕانی دوای ئەمانیش بە خەون و خەیاڵەکانیان شاد بن و بەهیوا و ئومێدەوە ئەو تەلارە بەرز و بڵندەی نیشتیمانپەروەری و نەتەوە خوازی بونیاد بنێن. ئەوەی پەیوەستیش بە پێشەکییەکەی "حەسەنی قزلچی" یەوە لەمەڕ ڕۆمانی "پێشمەرگە" وە نادوێت و لێدوان نادات، بەڵکو لە بارەی خودی "د. ڕەحیمی قازی" نووسەری ڕۆمانی "پێشمەرگە" وە دەدوێت و لێدوان دەدات و دەڵێت: (کاک ڕەحیمی قازی کوڕی سەیفولقوزاتە کە هەمیشە بە شیعری تەڕ

و ئاودار خەمخۆریی کوردی کردووە کە ئەویش برازای میرزا فەتاح بووە کە لە شۆڕشی گشتی ئێرانا بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی دیکتاتۆری و دامەزراندنی مەشرووتە "حکوومەتی دەستووری" تێکۆشاوە و ماوەیەکی زۆر لە زیندان بووە). (قازی،٢٠١٠، ٩). بەم پێودانگە "حەسەنی قزڵجی" ڕاستەوخۆ بەرهەمی "پێشمەرگە" شەنوکەو ناکات بەڵکو مەبەستیەتی لە ڕێی نووسەرەرکەیەوە بە بەرهەمەکەمان ئاشنا بکات و هێڵە گشتییەکانی دەقەکە ڕەنگڕێژ بکات، مەبەستیەتی پێمان بڵێت و بۆمان ڕوونبکاتەوە نووسەری ڕۆمانی "پێشمەرگە" و "د. ڕەحیمی قازی" و "خانەوادەکەی" کە شۆڕشگێڕ بووینە، لەم پێناوەدا قوربانییان داوە. کەواتە دەقی ڕۆمانەکە بەرجەستەی ئەم گیان و هەستە شۆڕشگێڕێتی و قوربانیدانەیە، شوێنپێی نووسەر و خانەوادەکەی بە ئاشکرا بە بەرهەمەکەیەوە دیارە، بێگومان بەرهەمێکیش لە چوارچێوە و ژینگەوە بیرکردنەوە و ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕی نووسرابێت، تۆ و ماک و شەقڵ و خاسیەتی شۆڕشگێڕێتی بە ڕوونی و ئاشکرایی پێوە دیارە. دەشێت لە دووتوێی ئەم ڕۆمانەدا لە هەندێک شوێندا چەمکی " شۆڕشگێڕ" کاڵ بکەینەوە بەوەی لە بری ئەم چەمکە، چەمکی "پێشمەرگە" بەکاربێنین بۆ ئەوەی زیاتر مەبەستەکانمان ڕوونتر و ئامانجەکانمان چاکتر بپێکین، چونکە ئاشکرایە چەمکی "شۆڕشگێڕ" گشتگیرە و لێرە و لەوێ شۆڕشگێڕانی نەتەوە و گەلی جیا دەگرێتەوە، کەچی چەمکی "پێشمەرگە" مۆرک و تایبەتمەندییەکی تەواو کورد و کوردستانییانەی تێدا بەرجەستە کراوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم بەرهەمەشدا لەجیاتی "شۆڕشگێڕ" ، "پێشمەرگە" سەرلەبەری پانتایی دەقەکە دادەپۆشێ. دار و دەستەی پیاوانی دەوڵەت هەر خودی پێشمەرگە بە مەترسی نازانن بۆ سەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان، بەڵکو کەس و کار و خزمەکانی پێشمەرگەش بە مەترسی دەزانن بۆ سەر گیانیان و ماڵیان. (وا دیارە بە هەتیوەکەت کە چوونە سابلاغ و

بووەتە پێشمەرگە پشت ئەستووری، بۆیە قسەی وا زەلام دەکەی لە کن من نا، نا بەسەری تۆ، ئەمن لەوان ناترسم و ناهێڵم پێ لەو دێیە بنێن). (قازی،٢٠١٠، ١٨). بۆ ئەوەی ئەم مەترسییەی سەر دار و دەستە و پیاوانی دەوڵەت تەشەنە نەکات و سەر نەکێشێت، ئەوا دەسەڵاتداران هەڕەشە و زەبر و زەنگ و تۆقاندن بەکاردێنن، نەک لە بەرامبەر خودی پێشمەرگەکان ، بەڵکو ئەوانەیش بە شێوەیەک لە شێوەکان پشتگیرییان لێدەکەن و هاوسۆز و هاوهەڵوێست و هاوبیری ئەوانن. هەژار و لێقەوماو و چەوساوەکان لە دووتوێی ڕۆمانی "پێشمەرگە" دا هیچ ترووسکاییەکی هیواو ئومێد بەدی ناکەن، بەڵام کاتێک پێشمەرگە وەک هێزێکی کاریگەر بە دیاردەکەوێت و دەکەوێتە جموجۆڵ و چالاکی نواندن، ئەوا ستەملێکراو و چەوساوەکان هیوا و ئومێدێکی زۆریان بەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ئازادیخواز و ڕزگاریخوازییە هەیە. (کاک مامەند جارجارێک پیرۆتی کوڕی دێتە بەرچاوی و بەو هۆیەوە ڕووناکییەک دێتە دڵیەوە و دەڵێ " ئای کوێربم لە کوێی پیرۆت گیان؟ ڕەنگە بەو کارەی ئێوە دەستتان پێی کردووە ڕووناکییەک بۆ هەژاران بدۆزنەوە". خۆ شوکر تفەنگیشتان هەیە). (قازی،٢٠١٠، ٢٠). کەواتە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی پێشمەرگە کوێرە ڕێیەکان ڕۆشن دەکاتەوە و سارێژی خەم و برینەکانی نەتەوەیەکی ستەمدیدە دەکات، بەمەش هەر لە چوارچێوەی بزووتنەوەی چەکدارییەکەیدا نامێنێتەوە، بەڵکو بۆ سەرلەبەری نەتەوەیەک دەبێتە فریادڕەسێکی سەر زیندوو و مایەی پشت پێبەستن. هەروەها لە چوارچێوەی ئەم مۆنۆلۆگەی "مامەند"ی باوک بۆ "پیرۆت"ی کوڕی، ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەوانەی هەڵگیرسێنەر و تاوەدەری شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوە چەکدارییەکەن لە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازییەکانن، زۆربەی زۆری کوڕە هەژار و چینە زەحمەتکێش و چەوساوەکەی کۆمەڵگان و تەنانەت هەر ئەمانەش قوربانییەکان

دەدەن. لە پاڵ ئەمانەدا خەڵکانێک بێنە سەر حازری و بۆی هەیە خۆیان بە دەسکەوتەکانیش بزانن. بۆ نموونە ئەوەی خوا پێیداوە و دەوڵەمەندە لە ترسی سەر و ماڵ و بەرژەوەندییەکانیان لە نێو نەچێت، شارە کوردییەکەی خۆیان جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە "تاران"ی پایتەختی دەوڵەتە ستەمکارەکە، بۆ ئەوەی دووربکەونەوە لە گڕ و بڵێسەی شۆڕش. (هیچ ئەوەی دەزانی کە هەندێک لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی سەقز لە ترسان بارگەیان تێک ناوە و بەرەو تاران خەریکن هەڵدێن). (قازی،٢٠١٠، ٢٦). پێشمەرگە لە شارێک چالاکی دەنوێنێت، کەچی دەوڵەمەندە بەرژەوەندیخوازەکان لە شارێکی تر تایان گرتووە و شار جێدەهێڵن. پیاوانی دەوڵەت هەر زوو درکیان بەوە کردووە و لەوە تێگەیشتوونە، کە هێز و بازووی پێشمەرگە هەنگاو بە هەنگاو لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاودەبێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە ڕووی ژمارەوە زێتر دەبن و لایەنگیر و پشتگیریکەرانیان ڕوو لە هەڵکشان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە "سەرگورد شمیران"ی سەرۆکی فەرمانگەی ژاندرمان زانیاریی وردی لەلایە لە بارەی پەیوەندیکردنی کوردان بەهێز و ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەوە، یەکێک لە ئاغا و نۆکەرەکانی دەوڵەت لەم باس و خواسە هەستیارە ئاگادار دەکاتەوە. (ئەی ئەحمەق ! هیچ ئەوەی دەزانی کە هەتا ئێستا بیست و پێنج کەس لە لادێیەکانی تۆ چوونەتە مەهاباد و بوونەتە پێشمەرگە؟ بە گوێرەی ئەو دەنگوباسەی پێمان گەیشتووە هێزی پێشمەرگە بۆکانیان گرتووە و بۆ لای سەقز وەڕێ کەوتوون). (قازی،٢٠١٠، ٢٦). لێرەدا دەبینین پیاوانی دەوڵەتی ئێران لە "فارسەکان" چۆن لە ڕێی جنێودان و سووکایەتیپێکردن نرخ و بەها بۆ ئاغا و نۆکەرانی دەوڵەت بە "کوردان" دادەنێن و مەبەستییانە سەرشۆڕ و ڕیسوایان دەکەن، لەبەرئەوەی بە چوارچێوەی جیۆگرافییەکەی ئەودا خەڵکانێک لە پێناو مانەوەی کورد

درێژە بە خەبات و قوربانیدان دەدەن و پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکەن.

ڕۆماننووس، لە چەندین وێستگەی ڕۆمانەکەیدا تیشک دەخاتەسەر دانایی و دڵاوەریی شۆڕشگێڕێکی سەرکردەی وەک " قازی محەممەد" پێیوایە ئەم (شۆڕشگێڕە سەرکردەیەکە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە نزیککردنەوەی کورداندا جا چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێت، چ لە ئاستی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێت بە چەشنێک پێکهێنان و دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی لە ئێراندا بە سەرۆکایەتی "قازی محەممەد" گەورەترین گۆڕانێک بوو لە مێژووی نوێی گەلی کورد، هەڵهاتنی ڕۆژێکی ڕوون بوو کە تیشکی زێڕینی ڕێگای تاریکی بۆ ڕوونکردنەوە ، هەرچەندە ماوەیەکی زۆری نەخایاندووە لە نێوبرا، بەڵام هەموو کاتێ بە یادکردنەوەی سوود وەردەگرین و هانمان دەدات بۆ تێکۆشان، بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوو کە هەموو بەشەکانی کورد یەک بخات لە پاشە ڕۆژدا). (مەلا صاحب، ٢٠١٢: ٣٩). کەواتە پێشەوا "قازی محەممەد" هەر شۆڕشگێڕێکی سەرکردە نەبووە، بەڵکو لە پاش ئەمەشدا زاتێکی سیاسی و مشوورخۆرێکی دانا بووە. لە پێناوی ئەم کۆمارەدا هەموویانی کۆکردەوە، بە بێ ناسینی سنوور و بەربەستە دەستکردەکانی دوژمنان لە چوارچێوەی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی نێو نەتەوەییدا. کارەکتەرێکی وەک " میرزا قۆیتاس" بەحوکمی تەمەن و دنیادیدەییەکەی لە وەتەی چاوی کردۆتەوە ڕۆژێک نەیبینیوە هاونەتەوەییەکانی زوڵم و ستەمیان لێ نەکرێت و بە هۆکاری جیاجیا هەوڵی سووکایەتی و ڕیسواکردنیان نەدرێت و هەموو ژیانیان لێ بووەتە قەدەغە و قەدەغە کاری، ئەوەی بیری لێدەکەنەوە و دەستی بۆ دەبەن لە لایەن دەوڵەتی فارسەوە قەدەغەکراوە، ئەم کارەکتەرە خەون بەمە دەبینێت ڕۆژگارێک بێت بەهۆی یاخیبوونی خۆی و

هاونیشتیمانیانی کوردستانەکە دوژمنانی کورد بە خراپترین شێوە قەڵاچۆ بکەن لە بەرامبەر ئەو زۆرداری و ستەمکارییە نەبڕاوە زۆرەی کە دەرهەق بە کوردان ئەنجامیانداون. (میرزا قۆیتاس بەچاوی دیتبووی کە کاربەدەستانی دەوڵەت بە چ جۆرێک سووکایەتییان بە نەتەوەکەی، زمانەکەی و داب و ڕێ و شوێنی وڵاتەکەی دەکەن، ئەگەر دەستی ڕۆیشتبا هەر ئەوێ دەمێ ئەوانەی سووکایەتییان بە نەتەوەکەی دەکرد و یا بە قەولی خۆی گوتەنی بە "جەهەنەمی موششەرەت" دەکردن. میرزا قۆیتاس نەتەوەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست، لە کاتی ڕەزا خاندا هەرچەند پێچ و پشتێند قەدەغە کرابوو، هەر کەسێک بیبەستبا ژاندارمەکان لێیان دەکردەوە و ئاوریان تێ بەردەدا و خاوەنەکەیان جەریمە دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش میرزا قۆیتاس پێچ و پشتێندی دانەنابوو). (قازی،٢٠١٠، ٨٢). واتە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا دەستوور و یاسایەک نییە ماف و ئەرکەکانی کورد دیاری بکات و ئاشکراشە دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی سیاسی تۆقێنەر و سەرکوتکەرانەیە، هەموو جووڵانەوە و بزاڤێکی ڕۆشنبیری و کولتووری و کەلەپووری و زمانیی سیاسی و کۆمەڵایەتی ...هتد. لەژێر چاودێرییەکی خەستدایە و یاساخ کراوە. (بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیی نێوان ئێران و کورد پەیوەندییەکی نا بەرامبەر و پڕ فشار و توندوتیژی و کوشتن و بڕین و پەلاماردانە، دەسەڵاتدارانی ئێران بە شێوەیەکی بەردەوام نکۆڵی لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەکات). (قانع، ٢٠١٢، ٢٤٩). لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە تەواو نابەرامبەرییەی نێوان دەوڵەتی ئێران و دانیشتووی زێدی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردانی ئەم پارچەیە هەر چۆنێک بۆ ئەوەی داکۆکی لە بوون و مانەوەی خۆیان بکەن و خۆیان بسەلمێنن وەک نەتەوەیەکی ڕەسەن و زیندوو پەنایان بۆ دامەزراندنی چەندین کۆمەڵە و بزووتنەوە و پارتی سیاسی و جڤاکی

بردووە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت مافە زەوتکراوەکانیان لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی... هتد بەدەست بێنێتەوە. بۆ نموونە بەرلەوەی کۆماری کوردستان لە مهاباد دابمەزرێت کۆمەڵەیەکی وەک "ژێ کاف" بوونی هەبووە و ڕۆڵی بینیووە لە ڕەخساندنی دەرفەت، زەمینەسازی کردووە بۆ ئەوەی گەر ماوەیەکی کەمیش بێت کۆماری کوردستان بوونی خۆی بسەلمێنێت و لەسەر پێیەکانی بوەستێت. " د. ڕەحیمی قازی"ـیش وەک ڕۆماننووسێک تیشک دەخاتە سەر ئەم وێستگە خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک کەرەستەیەکی بایەخداری مێژوویی لە بەرهەمەکەیدا بەسەریدەکاتەوە و دەیمەزرێنێت. (میرزا قۆیتاس چووە سابڵاغ و لەوێ بە نهێنی بووە ئەندامی کۆمەڵەی "ژ. ک" و لە لایەن کۆمەڵەوە بە سەرۆکی لکی بەردەڕەش و حەلوحەویش دیاریکرابوو میرزا قۆیتاس کاتی قسەکردن بۆ ئەوەی خوێندەواربوونی خۆی بنوێنێت و گوێدێرەکان حاڵی بکات کە پیاوی دیوانە، زۆر بە ڕێ و جێ و تێکەڵ و پێکەڵی بە وشەی فارسی و عەرەبی و کوردی دەدوا). (قازی،٢٠١٠، ٨٢). ڕۆماننووس، مەبەستیەتی ئەو پەیامە بگەیەنێت کە بزووتنەوە چەکدراری و شۆڕشگێڕییەکانی کورد هەموو گوزارشت نییە لە کەسانی نەخوێندەوار، بەڵکو بەشێک لەلایەنگیر و دڵخواز و ئەندامی ئەم بزووتنەوە چەکداری و شۆڕشگێڕییانە بریتیین لە کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، ڕۆڵی ئەمانە لە چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی خەڵکانی تر بۆ مەسەلە نەتەوەخوازی و شۆڕشگێڕییەکان، چونکە ئاشکرایە چەک و خامە دووانەیەکی لە یەکدانەبڕاوی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری ڕاستەقینەن لە سەرلەبەری جیهاندا، لە بارودۆخێکی ئاوادا کە کوردان تیایدا دەژین نە چەکێک بە بێ خامە کاریگەری دەبێت و نە خامەیەکیش بە بێ چەک مافی ئەوەی نابێت بڕیاری یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز بنووسێتەوە. لەهەر شوێنێکدا

کورد شۆڕشی هەڵگیرساند بێت و ڕاپەڕینی بەرپا کردبێت، کەم تا زۆر و هەرچۆنێک بێت خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕانی کورد درێخییان نەکردووە لە بڵاوکردنەوەی کولتوور و کەلەپوور و فەرهەنگ و ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیری و دەرکردنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار، بێگومان ئەمەش ڕوویەکی گەش و سیمایەکی جوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد پیشاندەدات، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤی کورد چەندە بە پەرۆشە بە مەبەستی پڕ چەککردنی خۆی لە بواری زانست و زانیاری و خوێندنەوە و نووسین و بوارگەلێکی تری ڕۆشنبیری. بۆ نموونە هاوکات لەگەڵ بە دیارکەوتن و جموجۆڵی "کۆمەڵەی ژێ. کاف" و دامەزراندنی "کۆماری کوردستان" دا لە پاڵ بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکە، بزاڤی ڕۆشنبیری لە جووڵە و پەرەسەندندا بووە و شوێنی جیا و مینبەری لەو سەردەمەدا بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد نامۆ نەبێت بە کارە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکان. بایەخێکی زۆر بە بووژاندنەوەی ئەدەب و مێژوو و کلتوور و ڕۆشنبیری و دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری بە دەرکردنی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری وەک: "کوردستان، هەڵاڵە، هاواری نیشتیمان، گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ئاواتی کورد و هاواری کورد... هتد" دراوە. ڕۆماننووس "د. ڕەحیمی قازی"ـیش ئەم باس و خواستە لە دووتوێی ڕۆمانی "پێشمەرگە" دا و لە کاتی کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی نواندنی "کۆمەڵەی ژێ کاف" دەورووژێنێت و پێیوایە یەکێک لە ڕووە جوان و گەشاوەکانی " کۆمەڵەی ژێ کاف" دەرکردنی گۆڤارێک بوو بە ناوی (نیشتیمان)ەوە، ئەم گۆڤارە زایەڵەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بۆ هەمیشە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان لە هەوڵ و پیلانگێڕیدا بوون بۆ ئەوەی کوردانی ستەمدیدە و چەوساوە کپ و سەرکوت بکەن. (گۆڤاری "نیشتیمان" کە بڵاوکەرەوەی بیر و باوەڕی کۆمەڵە بوو، تازە

دەرچووبوو، بڵاوکردنەوەی ئەمەش بە تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستاندا، ئەرکێکی زۆر گران و نالەبار بوو لەسەر شانی ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی، دەرکەوتنی هەوەڵین ژمارەی گۆڤاری نیشتیمان وەک تۆپ بە تەواوی کوردستان دەنگی داوە و هەرکەسێکی کە چ سەوادێکی ببایە چ خاوەن موڵک و تاجر و کەسە بە بێ چ مەلا و فەقێ و میرزا کە لە هەموو لایەکەوە هەوڵی دەدا ژمارەیەکی" نیشتیمان" وەدەست بهێنێ و بیخوێنێتەوە "نیشتیمان" دەستا و دەست دەگەڕا). (قازی،٢٠١٠، ٨٩). کەواتە دەرکردنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار لە چوارچێوەی بزووتنەوەی خەباتگێڕی و چەکداری و شۆڕشگێڕیی کورددا، خاڵێکی تری وەر چەرخانە و ئاڕاستەکردنی تاکی کوردە بۆ ئەوەی چاو کراوەتر و هۆشیارتر و چالاکتر بوونی خۆی بە سەنگینییەوە بسەلمێنێت، ئەوەی پەیوەست بێ بە گۆڤاری "نیشتیمان"ـەوە، کوردێکی زۆر تامەزرۆی ئەم گۆڤارە بوون و تەنانەت لە کاتی دەرچوونیدا ئەندامانی "کۆمەڵەی ژێ کاف" بە چاکی نەپرژاونەتە سەر ئەوەی گۆڤارەکە بەهەموو لایەکدا بڵاو بکەنەوە، بەڵکو چەندین کوردی دڵسۆز خۆبەخشانە ڕۆڵیان هەبووە لە وەشاندنی ئەم گۆڤارەدا بۆ زۆرترین شوێنی کوردستان. (پێکهێنانی حیزبێکی ئازادی ژیانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە داوای مافی چارەنووسی کورد دەکرد، لەساڵی ١٩٤٢ حیزبی ئازادی ژیانی کوردستان تێکدەچێ و لە ١٩٤٢/٩/١٦ ژیانەوەی کوردستان "ک.ژ.ک" پێکدێ، پرۆگرامی سیاسی ئەوان ئاوا دەڵێ: ئەوەی دوژمنانی کورد بە زۆر لە کوردیان سەندووە، کوردەکان تەنیا لە ڕێگای زۆر دەتوانن وەریگرنەوە). (بۆکانی، ٢٧٠٣ کوردی، ٥٤). کەواتە" کۆمەڵەی ژێ کاف"یش، ئەڵقەیەکی نەپساوەیە لەو زنجیرە شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەڵیانگیرساندووە و بەرپایان کردوون. شۆڕشگێڕ کێیە؟ دەبێ شۆڕشگێڕ خۆی لە خەڵک بە گەورەتر بزانێت؟

شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕان بە چ پشت ئەستوورن؟ ئایا شۆڕشگێڕ کەسێکی بێ بەرنامە و بێ پلانە؟ یاخود بە پێچەوانەوە خودی شۆڕشگێڕ پەیوەستە بە ڕێچکە و ڕێباز و قوتابخانە و ئایدۆلۆژیایەکەوە؟ یاخود هەرەمەکییانە ملی داوەتە خەبات و قوربانیدان؟ ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلێکی تر لە دووتوێی ڕۆمانی "پێشمەرگە" وەڵام دەدرێنەوە، پێناسە و چەمکی "شۆڕشگێڕی" باس دەکرێت و ڕوون دەکرێنەوە. (شۆڕشگێڕ بەو کەسە دەڵێن: کە تەواوی ژیانی خۆی خستبێتە پێناوی خزمەتکردن بە بەختەوەری و سەعادەتی گەلەکەی، بەو کەسە دەڵێن: کە لە هیچ هەوراز و نشێوێکی ژیانی هەڵنەگووتێ، بە هەڵە نەچێ، خۆی لە خەڵک بە جیاواز دانەنێ، بە خەڵک پشت ئەستوور بێ، دوا ڕۆژ بە چاکی و باشی و ڕووناکی هەست بکات، دۆست و دوژمنی لێک جیا بکاتەوە، پێویستە بەرەو پێش بڕوا و ئەگەر پاشەکشەشی لەبەری بێ هێز نەکا هومێدی نەبڕێ، هێزی نوێ بۆ بەرەو پێشچوون کۆ بکاتەوە. شۆڕشگێڕ دەبێ بەرنامە و ئامانج و هەڵوێستێکی ئاشکراو ڕووناکی هەبێت. بۆ دابینکردنی تەواوی ئەو پێداویستییانەی شۆڕشگێڕ، دەبێ قوتابخانەی شۆڕشگێڕی دابمەزرێت کە ئەویش بریتییە لە حزبی پێشکەوتوو. کۆمەڵەی ئێمە لەو ڕێگایەدا تێدەکۆشێت). (قازی،٢٠١٠: ٩٤). پێدەچێت ئەمە دید و بۆچوون و گۆشەنیگای خودی "د. ڕەحیمی قازی" بێت لەمەڕ کەسایەتی شۆڕشگێڕ، بەڵام لە ڕێی کارەکتەرێکی شۆڕشگێڕی وەک "کاک بینایی" بەرجەستە کراوە، لە هەمان کاتدا بەشێکی گۆشەنیگاکە لە سەر ڕۆماننووس لابراوە، چۆتە سەر گۆشەنیگای کارەکتەرێکەوە، هەروەها شۆڕشگێڕ کەسێکە پێویستە بابەتییانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات، نەکەوێتە خەون و خەیاڵی ئەوەی لەگەڵی نییە، دوژمنیەتی، ئەمە ڕێک بیرکردنەوەی دوژمنانە لەگەڵ بەرامبەرەکانیان. بزووتنەوەی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕیەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شاعیر و ڕۆشنبیر و

ڕووناکبیرێکی وەک "سەید محەممەد ئەمینی شێخول ئیسلام موکریانی= هێمن" ئەندامی بووە، کە هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی دابوو بۆ سەرخستنی ئەم بزووتنەوەیە و هێنانە دیی مەرامەکانی کورد، وێنەی هەڵوێست و ئیش و کارەکانی"هێمن"یش بەم شێوەیە لە ڕۆمانی"پێشمەرگە" دا چەسپێنراوە. (ئەو لاوە، هونەری تازە پێشکەوتوو، بەڵام مەشوور و بەناوبانگی کوردستان، محەممەد ئەمینی شێخول ئیسلامی بوو کە لە پاش ئەوەی بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی نێوی هێمنیان پێدا بوو) (قازی،٢٠١٠، ٩٤). ئەمە وێنە و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی "هێمن"ی شاعیرە لەلایەن "د. ڕەحیمی قازی"ی نووسەری ڕۆمانی "پێشمەرگە"وە. دەبێت چ لەسەر زاری "هێمن" خۆی ببیستین و چیمان بۆ بگێڕێتەوە؟ "هێمن"ی شاعیر دەڵێت: (ڕۆژی "٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ / ١٦ی ئابی ١٩٤٢" کۆمەڵەی "ژ.ک" دامەزرا ئەوانی ئەم کۆمەڵەیان دامەزراندووە دۆستانی من بوون، من لەو سەروبەندەیدا لە تەورێز بووم لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەدا حوزوورم نەبوو. کە هاتمەوە بە هۆی "زەبیحی" کە لەمێژ ساڵ بوو دۆست بووین بە کۆمەڵە ناسێندرام، لەماڵی یەکێک لە دۆستانی خۆم کە پاشان زانیم ئەندامی ژمارەیەکی کۆمەڵەیە و بە ڕاستی تێکۆشەرێکی بە جەرگ و ئازا و نەبەز و کۆڵنەدەر بوو، بە قورئان و ئاڵای کوردستان و شەرەفی خۆم و بە شمشێر سوێندیان دام بە زمان و قەڵەم و ئیشارە خیانەت لە نەتەوەی کورد و ئەندامی کۆمەڵە نەکەم. ناوی نهێنی حیزبیم "هێمن" بوو و ژمارەی ئەندامەتیم ٥٥). (حەبیب، ٢٧٠٨، ٤٦). ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەیە کە بەشێکی زۆر لە خوێندەوار و نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەدیبانی کورد، گەر نەیانتوانیبێت چەک لە شان بکەن و لە پێناو مانەوە و بوونی نەتەوەکەیان شەوە زەنگ بڕەوێننەوە و داکۆکییان لێبکەن، ئەوا بە هۆی خامە بە بڕشتەکانیان قەرەبووی ئەمانەیان کردۆتەوە و بگرە بە زیاتریش، بۆ نموونە هۆنینەوەی

شیعرێک، یاخود پەخشانێک چی لەوە کەمترە، کە دوژمنان و داگیرکەرانی پێ ئاگرباران بکەن و دۆزەخیان بۆ بسازێنن، ڕووبەڕووی مەرگێکی دژوار و شەرمەزارکەرانەیان بکەنەوە. ئاشکرایە لەگەڵ ئەوەی کوردانی نەتەوەخواز و نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕ بوونیان هەیە، لە بەرامبەر ئەمەشدا کوردانی خۆفرۆش و نەتەوەفرۆش و نیشتیمانفرۆش و پیلانگێڕ لە شۆڕش و شۆڕشگێڕان بوونیان هەیە. (چەند سەرۆک عەشیرەتێکی نیشتیمانفرۆش لەشکری خۆیان لە دەوری سابڵاغەوە خڕکردەوە و دەیانەوێ بە شەو پەلامار بهێننە سەر شاری و تاڵانی بکەن و قازیش پیاوی وە نێو شار خستبوو، کە هەرکەسێکی پیاوە ئێوارێ تفەنگ و دەمانچە و خەنجەری هەڵگرێ و لە هەر چوار لای کێشک بکێشێ و بە هیچ چەشنێک نەهێڵن سوارەی عەشیرەتە نیشتیمانفرۆشەکان بێنە نێو شارییەوە). (قازی،٢٠١٠، ٩٧). ئێمەی کورد دەمێکە درکمان بەوە کردووە لەوە تێگەیشتووینە بەشێکی زۆر لە دواکەوتوویی و سەرگەردانی و بەدبەختی و نەهامەتییەکانمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هۆکار و پاڵنەرەکان خۆمانین و خودی و ناوەکین، ئەمەش هەمیشە بۆتە چەکێکی کاریگەر بە دەستی دوژمنان و داگیرکەران لە هەر شوێنکاتێک بیانەوێت بە ئاسانی دەتوانن لێمان بدەن و تەنگمان پێهەڵبچنن. ئاشکرایە گۆڕەپانی "چوارچرا"ی شاری مهاباد شوێنێکە هەمیشە لە هەست و نەستی کورداندا نەخاسمە کورد و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوام بوونی هەیە، وەک شوێنێکی پیرۆزی نەتەوەیی هەژمار کراوە بە چاوی سەر و دڵەوە لێی دەڕوانرێت و یاد و یادگار و مێژوویەکی پرشنگداری کوردانەیە، چونکە لەم شوێن و گۆڕەپانەدا پێشەوا "قازی محەممەد" وتار دەدات و گوتاری نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئازادی و سەربەخۆیی ئاڕاستەی سەرجەم ئامادەبووان دەکات و دەڵێت: (گەلی کورد هەمیشە ژێردەستە و چەوساوە بووە بە دەستی داگیرکەرانەوە چەندەها جاریش هەستاوە

و فیداکاری و گیانبازی کردووە لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام هەر جارە و لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانەوە پێشێل و سەرکوت کراونەتەوە و نەیانهێشتووە کە داری ئازادییەکەی بەر بگرێت و گەلی کورد بگاتە ئاواتەکانی، دوای ئەوەی "قازی محەممەد" سەرۆک کۆمار وتارەکەی تەواو کرد هەریەکە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سەرۆک عەشیرەتەکان و گەورە پیاوانی ناسراوی شاری مهاباد و شارەکانی تری کوردستانی ئێران هەستان و چوون دەستیان خستە ناو دەستی قازی محەممەد و پیرۆزبایی گەرمیان لێکرد و ناویان نا "پێشەوا محزم"). (حەمەئەمین، ٢٠٠٠، ٣٨). لە سەرچاوەیەکی مێژوویی بەم شێوەیە باس لە وتار و گوتارەکەی "پێشەوا قازی محەممەد" کراوە ، با بزانین لە بەرهەمێکی ئەدەبییدا چۆن گرنگی و بایەخی ئەم ڕووداوە مێژووییە تیشکی خراوەتە سەر و لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا مەزرێندراوە. (دەڵێن: ئەوڕۆ لە "چوارچرا" وەکۆ دەبن و قازی قسەیان بۆ دەکا ئەوانیش بە ئاواتی دیتنی قازی و گوێ ڕاگرتن لە وتارەکانی بەپەلە خۆیان گەیاندە چوارچرا و لە نزیک ئەو جێگایەک کە کورسییەکی بەرزی لێ داندرابوو ڕاوەستان دەستە دەستە خەڵک لە مەیدان وەکۆ دەبوون لە ماوەی سەعاتێکدا نزیکەی بیست هەزار کەس لەوێ کۆبوون و بە جۆرێک دەوری مەیدانەکەیان گرتبوو کە دەرزیت هاوێشتبایە وە عەرزی نەدەکەوت لە ناکاو لای ڕۆژئاوای مەیدانەکە خەڵکەکە ڕێگایەکی باریکیان ئاواڵە کردەوە و مەلایەکی دەرپێ سپی و کالە لە پێ و کەڵەگەت بەو ڕێگا باریکەدا بۆ لای کورسییەکەی هات و تەواوی خەڵکەکە بە دیتنی سەرفراز بوون). (قازی،٢٠١٠: ٤٣). گەر لە سەرچاوە مێژووییەکە و دەقە ئەدەبییەکە تۆزێک ورد بینەوە دەبینین لە سەرچاوە مێژووییەکە ئەوەی زیاتر جەختی لێکراوەتەوە ناواخن و کرۆکی وتارەکەی پێشەوا "قازی محەممەد"ە، کەچی لە دەقە

ئەدەبییەکەدا وەسف ڕۆڵێکی بێوێنە دەبینێت لەبەرجەستەکردنی "قازی محەممەد" و خەڵکەکە و، شوێنکاتەکە، کە "چوارچرا = مهاباد"ـە، ڕووداوە سەرەکییەکە کە وتارەکەی "قازی محەممەد"، ڕووداوە لاوەکییەکە گردبوونەوەی خەڵکەکە و گوێگرتنیان بۆ وتارەکە و خۆشحاڵبوون و چەپڵەکوتانیان بۆ "قازی محەممەد"...هتد. لەمانەوە جیاوازیی نێوان مێژوونووسی و ئەدەبناسی بە دیاردەکەون. لە دووتوێی ڕۆمانی "پێشمەرگە" دا، ڕاستی و دروستی کۆمەڵەی" ژێ. کاف" دەخاتە ڕوو، بەوەی ئەم کۆمەڵەیە بەشێک لە لایەنگیر کە ئەندامانیان خوێندەوار بوون و بەشەکەی تریان نەخوێندەوار. واتا خەڵکە ڕەش و ڕووت و هەژارە نەخوێندەوارەکە، بەڵام ئەوەی لە کۆمەڵەی " ژێ . کاف" باڵا دەست بوو و هەژموونی خۆی سەپاندبوو کەسە خوێندەوار و ڕۆشنبیر و چاوکراوەکان بوون، ئەم دەستەیە باوەڕێکی تەواویان بە شۆڕشی هزری و ڕۆشنبیری و خامە و بڵاوکراوە جۆر بە جۆرەکان هەبوو ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پشتیان بە دەستەکەی تریش دەبەست ، هەم بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی کۆمەڵەی "ژێ. کاف"، هەم بۆ چالاکی سەربازی و گۆڕەپانی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەستە و یەخە لەگەڵ دوژمنان و داگیرکەران بە چەشنێک بەشێکی زۆر لە نەبەرد و بوێر و پارێزەران و پێشمەرگەکان سەر بەم دەستە هەژار و ڕەش و ڕووت و نەخوێندەوارە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا (هەموویان لەو باوەڕەدا بوون تا چەندساڵی داهاتوو کەمترین نیازیان بەدەرێ نەبێ . تەنها ئەوەی پێویست بێ کە کوردان لە ڕێی ئاشنابوونی بە مێژووی خۆی ئاستی فکری بەرز بکرێتەوە و واقیعییەتی مەسەلەکان بگەیەننە گوێی هەموو کەسێ). (موکریی، ٢٠٠٧، ٢٦). پرسی سەربەخۆیی کوردستان و کوردستانییان، یەکێکە لە پرسە هەرە هەستیارەکانی مێژووی کورد و کوردستان زۆربەی جووڵانەوە و بزووتنەوە و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد

هەمیشە ڕووەو ئاقاری سەربەخۆیی کوردستان هەنگاویان ناوە، بۆیە دامەزراندنی کۆماری کوردستان جەختکردنەوەیە لە سەربەخۆیی کوردستان، بەر لە دامەزراندنی ئەم کۆمارەش لەلایەن کوردانەوە شەونخوونی بۆ کراوە، بەڵام بە داخەوە وەک پێویست ئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی نەبووە بە ئاڕاستەی یەکجارەکی سەربەخۆیی کوردستان لەم سۆنگەیەوە لە ڕۆمانی "پێشمەرگە"دا گورزە تیشک ئاڕاستەی ئەم پرسە دەکرێت و سەربەخۆیی کوردستان دەبەسترێتەوە بە ڕزگارکردن و ئازادکردنی سەرلەبەری شار و دێ و شوێنەکانی تری کوردستان. (براکەم دەزانم بۆچی هێندە مات و دڵگیری، کرماشانت وەبیر کەوتووەتەوە و یەقین دەڵێن: ئەوەتا سابڵاغ ڕزگار بووە، چەند ڕۆژی دیکە دەچین سەقز و بانەش لە چەنگ دوژمن ڕزگار دەکەین، بەڵام کرماشان هەروا بە چەنگ دوژمنەوە دەمینێ ... نا، چاوەکەم، خەفەتبار مەبە نۆرەی ڕزگارکردنی کرماشانیش دێ. دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆیی کوردستان بە بێ شارە گەورە و جوانەکەی کرماشان، ناوچەی نەوت شا و هەزاران دێ و ئاوەدانی پڕ سامانییەوە وەک باغی بێ بولبول و بەهاری بێ گوڵ وایە). (قازی،٢٠١٠، ١٠٨). واتا بۆ ئەوەی بەیەکجارەکی ئێمەی کورد ڕزگار و ئازاد بین لە چنگی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان پێویستە بە دەنگێکی بەرز و بوێرەوە، جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بدەین، بۆ مەبەستی سەربەخۆیی کوردستانیش هەموو مەرجێک وەک پێویست بە سروشت بوونی هەیە وەک: خاک، گەل، زمان، کولتوور، کەلەپوور، مێژوو...هتد. لەم بارەیەوە پێشەوا "قازی محەممەد" هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە وتارە گوتار ئامێزەکەیدا دەڵێت: (گەلی کورد گەلێکە زاتییەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەرزی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە) ( عمر گوڵ، ١٩٩٩، ٧١). لە جێی خۆیەتی بڵێین: مرۆڤی کورد لە ئەزەلەوە و بە سروشتی، بە سەربەخۆیی

ئافرێندراوە، ئەم بە سروشتی سەربەخۆییبوونەی مرۆڤی کورد بە ئاشکرا لە ڕووە خۆیەتیبوون و بابەتیبوونەکەی تەواو ڕەنگیداوەتەوە و بەرجەستەیە، بەڵام ئەوە دوژمنان و داگیرکەرانی کورد و کوردستانن ئەم سروشتەی لێ دەسێنێتەوە و سەرلەبەری مافەکانی لێرە و لەوێ پێشێل دەکەن. لە ڕۆمانی "پێشمەرگە"ــدا "هونەر" و "شۆڕش" ئاوێتەی یەکتردەبن و شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەکان وەک پشوویەکی ڕووحی لە شوێنکاتی گونجاودا دەیکەنە گەڕەلاوژە، کەیفسازی و پێکەنین و بەیت و بالۆرە و گۆرانی گوتن دەبێتە بەشێک لە ژیانیان. (براکەم دە بەو دەنگە خۆشەی خۆتەوە بە شێوەی کرماشانی گۆرانییەکمان بۆ بڵێ. پێشمەرگەکانی دیکە هەموو داخوازییان لێ کرد و ناسر قولیش نەیتوانی لە قسەی هاوەڵەکانی دەرچێ بە دەنگە خۆشەکەی خۆیەوە تێی هەڵکرد و لە قووڵایی دڵەوە ئەو گۆرانییەی گووت:

خۆم کوردستانی فارسی نازانم
بە زوانی کوردی دەردت لە گیانم
بەرەوبیستوین هەردووک وەڕابین
قسمەت کاری کرد لە یەک جیا بین
وە من چە وتم تۆ چە شنەفتی
وە قسەی ناکەس لەلام دوورکەفتی (قازی،٢٠١٠، ١١١).

ئەو شۆڕشگێڕێتی و پێشمەرگایەتییەی کوردان هەر بە زمان و دروشم و قسەی گەورە و تفەنگ و فیشەکەوە نییە، بەڵکو هەست و نەستێکە لە قووڵایی دڵ و دەروون و ویژدان و بیرکردنەوە و بڕوا و باوەڕ بووندایە، کاتێک پێشمەرگەیەک ئەو هەستەی دەردەبڕێت و ئەو نەستەی هەڵدەڕێژێت بارگاوییە بە نیشتیمانپەروەر و نەتەوە خوازییەوە. شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان هەمیشە گوێڕایەڵ و جێبەجێکاری فەرمانی سەرۆکەکەیان بووینە و لە ژێر فەرمانی دەرنەچووینە بۆ ئەم مەبەستە خودی پێشەوا "قازی محەممەد"

و خانەوادە و هاوڕێ و هەڤاڵ و دڵسۆزانی ئەم فەرمانە نەتەوەیی و نیشتیمانییە چارەنووسسازانەیان داوە و ڕووبەڕووی لە سێدارەدان بوونەتەوە (پێشەوای کوردستان "قازی محمد" لەگەڵ "سەدری قازی" برای و "سەیفی قازی" ئامۆزای کە یەکەمیان لە مەجلیسی شوورای نەتەوەی ئێراندا نوێنەری خەڵکی مهاباد بوو ئەوەکەی تریان لە کۆماری کوردستان وەزیری جەنگ بوو لە ١٩٤٧/١/٢٢ دا مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد بە دەستی داگیرکەری ئێران لە سێدارەدرا لە هەمان کاتدا نزیکەی ٢٠ کەس لە هاوڕێیانی وەفاداری پێشەوا و ڕابەرانی کۆماری کوردستان لە شارەکانی مەهاباد، سەقز و بۆکان لە لایەن سوپای داگیرکەری ئێرانەوە لە سێدارە دران . پێشەوا لەگەڵ ئەوەیدا کە دەیزانی حکوومەتی داگیرکەری ئێران لە سێدارەی دەدات، بەڵام پێشەوایانە بەڵێنەکەی خۆی بە کردەوە بەجێهێنا و هەر لەگەڵ گەلەکەی ژیا و بۆ گەلەکەی ژیا) ( قەندیل، ٢٠٠٦، ٩٥). واتە گەر لە دوێنێدا لە گۆڕەپانی چوارچرای مهاباددا خەندە و پێکەنین و هەڵپەڕینی کورد بوو ئەوا هەر لە چوارچێوەی ئەو گۆڕەپانەدا شین و شەپۆڕ و شیوەن و گریان و تازیەباری کوردانە بە هۆی لە سێدارەدانی پێشەوا " قازی محەممەد" و پۆلێک لە هاوڕێ و هاوخەبات و هاوسەنگەرە نزیکەکانی لەبەر ئەوەی" قازی محەممەد" لە ساڵی ١٩٤٥ دا فەرمانی دابوو کە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چنگی داگیرکەران دەربهێنرێن و ڕزگاربکرێن، لە هەمان کاتدا داوای لە (سەرۆکی فەرماندەی سوپای ئێران) کردبوو بە بێ شەڕ و خوێنڕشتن ئەم شارە کوردی و کوردستانییانە چۆڵ بکات. (لەلایەن پێشەوا ئەمر درا کە هێزی پێشمەرگە بۆ ڕزگاریی مەڵبەندی سەقز و دیواندەرە لە چنگ هوردووی داگیرکەرانی ئێرانی وەرێ کەوێت، بەر لەو ئەمرە لە لایەن حکومەتی میللیی کوردستانەوە چەند جار بە سەرۆک فەرماندەی هۆردووی ئێران وترابوو کە بە بێ شەڕ و خوێن ڕێژین "سەقز" و "دیواندەرە" بەتاڵ

بکا). (قازی،٢٠١٠، ١١٣ ). پێشەوا و سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ لە زووەوە بڕیاری ئەوەی دابێت ڕووبەڕووی مەرگ بوەستێت و سڵی لێ نەکاتەوە، جا چۆن ڕووبەڕووی دوژمنان و داگیرکەران ناوەستێت و بە بوێری و نەبەردییەکی بێوێنەوە بەرەنگاریان نابێتەوە و داوای ڕادەستکردنەوە و ڕزگارکردنەوەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکات. ڕاستە لە دواجاردا کۆماری کوردستان هەڵدەوەشێنرێتەوە و دەڕووخێنرێت و پێشەوا "قازی محەممەد" و هاوڕێیانی لە سێدارە دەدرێن لەلایەن دوژمن و داگیرکەرێکی سەرسەختی وەکو دەوڵەتی فارس، بەڵام بە شکۆمەندی و سەربەرزییەوە ژیان، لەجیاتی هەڵبژاردنی ژیانێکی پڕ لە دیل و کۆت و بەند بوون، مەرگێکی سەربڵندانە دەبێتە بەشیان، و نێو و نێوبانگ و کار و کرداریان بە نەمری دەمێننەوە.

**ئەنجام**

• چ لە چوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزم بە وێنە گشتییەکەی، چ لە چوارچێوەی ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە، ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە وێنە تایبەتمەندییەکانیان، زۆربەی چین و توێژ و کۆمەڵە و دەستەکانی کۆمەڵگە دەبنە چەقی قورسایی گۆشەنیگا و بیر و بیرۆکەی بابەت و ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکانی سەر بەم قوتابخانەیە و ئەم دوو ڕێچکەیە لەکاتێکدا لە چوارچێوەی کلاسیزم، ڕۆمانسیزمدا، ئەم زۆرینەیەی کۆمەڵگا ئاوڕیان لێ نەدەدرایەوە و پەراوێز و پشتگوێ خراون.

• لە دووتوێی ئەو پێشەکییانەی کە بۆ ڕۆمانی "پێشمەرگە" نووسراون لەلایەن "د. ڕەحیمی قازی" و "د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ" و "م. حەسەن قزڵجی" دا، بە ڕاستەوخۆیی بێت، یاخود بە ناڕاستەوخۆیی هەر سێ پێشەکی نووسی ئەم بەرهەمە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە، ڕێچکەی ڕیالیزمی

سۆشیالیستی بەتەواوی ڕەنگڕێژ کراون، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین: کە پێشەکییەکەی "د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ"، گەر لە دیدگە و ڕوانگەکانی وردبینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ورد و بابەتییانە و ڕەخنەییانە و زانستییانەتر خۆیان دەنوێنن و بەهادارترن.

• ڕۆمانی "پێشمەرگە" لە ڕووی نێواخنەوە لەسەر جووت ئەستووندەگی سەرەکی "واقیعەتبوون" و ئامادەیی بەردەوامی "مێژووی کورد و کوردستان" بە تایبەت لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەستاوە، بە سوود وەرگرتن و دامەزراندنی کولتووورە جوان و ناشرینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، ڕاپەڕین و یاخیبوون و شۆڕش و دامەزراندنی پارت و کۆمەڵەی سیاسییەکان بە سەرکەوتن و نوشستییانەوە بۆ نموونە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان – ئێران، خستنەڕوو و باسکردنی پێشەوا "قازی محەممەد" وەکو کەسایەتییەکی گەورە و سەنگینی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و تەنانەت لە ڕووە کارگێڕی و ئابوورییەکە و دەوڵەتدارییی... هتد.

• ڕۆمانی "پێشمەرگە" بە ڕێگە و شێوازی کلاسیکی ڕۆماننووسین داڕێژراوە و نووسراوە، چ لە ڕووی تەکنیکە هەمەجۆرەکانی ڕۆماننووسەوە، چ لە ڕووی ڕەگەز و توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنەری ڕۆمان.

•بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆمانی "پێشمەرگە"دا، دەتوانین وێنەی کەسێتی نووسەر و تەنانەت بەشێک لە کەسایەتییەکان و خانەوادەکەشی بەرجەستە بکەین ، چونکە ژینگە و فەزای ڕۆمانەکە لە ژینگە و فەزای ڕۆماننووس و کەسە نزیکەکانی دەکات، ئاشکرایە هەندێک لە خانەوادەی ڕۆماننووس شۆڕشگێڕی پێشەنگی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان بوون، بێگومان ئەمەش هاندەر و پاڵنەرێکی بەهێز بووە بۆئەوەی ڕۆماننووس ئەم دەقە هەڵچنێت.

•لەگەڵ ئەوەی هەموو قوتابخانە و ڕێباز و میتۆد و ڕێچکە ئەدەبییەکان سەر بە دنیای ڕۆژئاوان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر دەقە ئەدەبییە نارۆژئاواییەکان، لەم چوراچێوەیەدا دەقی ئەدەبی کوردی پراکتیزە بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە مشتێکە لە خەرمانێک، بۆ ئەوەی لە ڕێی پراکتیزەکردنی دەقێکی کوردییەوە بە سەرەداوەکانی قوتابخانەی ڕیالیزم و ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەوە، ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بگەین، بەهۆی ئەم دەقەوە دیدگە و ڕوانگە تیۆرییەکانی ڕیالیزم و هەردوو ڕێچکە بۆ پراکتیزە وەربگێڕین. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ئەستەمە بتوانرێت بە ڕێکوپێکی بە بێ لادان و دارشتنەوە و لە قاڵبدانەوە و گونجاندن، ئەم قوتابخانە و ڕێباز و میتۆد و ڕێچکە ئەدەبییانە بەسەر دەقێکی کوردیدا پراکتیزە بکەین، چونکە وەکو زانراوە و دەزانرێت بارودۆخ و هەلومەرجە خودی و بابەتییەکانی هەر وڵاتێک جیایە لە وڵاتێکی تردا، نەخاسمە ئەم وڵاتانە سەر بە دوو دنیای جیاوازبن لە ڕووی کولتووری و ئایینی و بیرکردنەوە و دونیابینی و سیاسی و ...هتد.

• سوود وەرگرتن و دامەزراندنی چەند کولتوورێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا و، لەلایەکی ترەوە سوود وەرگرتن لە کەرەستە و ڕووداوی گەورەی مێژووی ڕامیاری کورد و کوردستان بەتایبەت دامەزراندنی کۆمەڵەی "ژ. ک" و، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی بەشەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. مێژووی چۆنیەتی سەرهەڵدانی کۆمەڵ لە "ژێ کاف" و چۆنیەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، هەروەها ڕۆڵی پێشەوا "قازی محەممەد، لەم نێوەندەدا.

**سەرچاوەکان:**

**کتێبەکان بە زمانی کوردی:**


- بۆکانی، نادر فەتحي (٢٧٠٣)، کرۆنۆلۆگی کوردستان، فەتحی، بەبێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپکردن.
- پیربال، د.فەرهاد (٢٠٠٦)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر.
- حەمە ئەمین، ئەحمەد (٢٠٠٠)، کۆماری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سلێمانی.
- حەبیب، وریا (٢٧٠٨)، دیوانی هێمن سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا هێمن، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی.
- حوسێن، ڕەزا ، پ.ی.د. هیمداد (٢٠٠٧)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- عزیز الماضی، د. شکری، وەرگێڕانی: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- عمر گوڵ، د. مارف (١٩٩٩)، کێشەی کەسایەتی یاسایی نەتەوەیی گەلی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
- قازی، ڕەحیمی (٢٠١٠)، پێشمەرگە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.
- قانع، مەریوان وریا (٢٠١٢)، لە چ ئێستایەکدا دەژین؟، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- قەندیل، هاوڕێ (٢٠٠٦)، کوردستان ناسنامەی من ، چاپخانەی سان لەند ، بەریتانیا .
- مەلا صاحب، دانا محەمەد (٢٠١٢)، پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری مهاباد، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی.
- موکریی (٢٠٠٧)، موحاکەمەکردنەکەی پێشەوا قازی محمد لە یاداشتەکانی ((قوام السلطنة)) دا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.

**بەزمانی عەرەبی:**

- الاصفر، عبدالرزاق (١٩٩٩)، المذاهب الادبية لدى الغرب، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- جابالله، د. السعيد (٢٠٠٥)، الواقعية في الادب، دار الجامعة باتنه.
- راغب، د. نبيل (١٩٩٧)، المذاهب الادبية من الكلاسيكية إلى العبثية، الهيئة العامة للكتاب.
- عياد، د.شكرى محمد، (١٩٩٣)، المذاهب الادبية و النقدية عند العرب والغرب، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب، الكويت.
- عبدالمنعم، مجاهد (١٩٩١)، الواقعية في الفن، سدنى فنكلشتين، الهيئه العامة للتأليف و النشر.
- عبيدي، محمد (١٩٨٣)، الرواية الجزائرية الحديثة بين الواقعية والالتزام، الدار العربية للكتاب، الجزائر.
- فان تيغم ، فليب (١٩٨٣)، المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا، ترجمة : فريد النگونيوس، منشورات عويدات، بيروت.
- لؤلؤة، عبدالواحد (١٩٨٣)، الواقعية موسوعة المصطلح النقدي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
- هلال، د. محمد غنيمى (١٩٩٣)، النقد الادبي الحديث، دار العودة، بيروت، لبنان.

## الملخص

**توظيف ثنائية مسار الواقعية الثورية و الواقعية الإشتراكية في رواية الـ(بيشمركة) للروائي رحيمي قازي**

هذه الدراسة ، بعنوان "توظيف ثنائية مسار الواقعية الثورية والواقعية الإشتراكية في رواية الـ( بيشمركة) للروائي "رحيمي قازي". ويهدف إلى إيجاد مكان من الواقعية الثورية والنماذج الواقعية الاجتماعية في النقد الأدبي الكوردي. هذين النموذجين لم يتم بحثها من قبل في علاقة مع الرواية الكوردية. فقد سبق بيان لفترة وجيزة فقط من الناحية النظرية الدراسة الحالية هي محاولة جديدة تركز على النظريات الأدبية والمدارس وربطها الأدبي عن الرواية، وتحديدا الرواية من البيشمركة).

الكلمات الرئيسية: الواقعية، الواقعية الثورية، الواقعية الاشتراكية، بيشمركة، نقد الادب الكوردي.

## Abstract

## Utilizing the dual path duality of revolutionary realism and the socialist realism in the (Peshmerga) novel by the novelist Rahimi Qazi

This study entitled The "Utilizing the path duality of the revolutionary realism and the socialist realism in the ( Peshmerga) novel by the novelist Rahimi Qazi". aims to find a place for Revolutionary. Realism and Social Realism Models in Kurdish Literary Criticism. These two models have not been previously researched in relation with a Kurdish novel ; they have been briefly explained solely in theory . The current study is a new attempt focusing on literary theories and schools and linking them to a literary genre of, specifically the novel of Peshmarga


Keywords : Realism , Revolutionary Realism , Socialist Realism , Peshmerga , Kurdish Literary Criticism.